# لەبارەی دەستپێکی مۆسادەوە

نوسینی: گۆردۆن تۆماس
وەرگێرانی لەهۆڵەندیەوە: شەفیقی حاجی خدر

لە بەرەبەیانەوە بڕواداران بەرەو پیرۆزترین شوێنی دنیا – دیواری گرینۆک– دەهاتن، تاکە شوێنەواری بەجێماو لە دووهەم پەیکەری پەرستگای دەستکردی هیرۆدۆتی گەورە لە ئۆرشەلیم. هاتوەکان گەورەو بچوک، قەڵەو و لاواز، بەڕدێن بێ ردێن، هەموویان بە کۆڵانی تەنگەبەری شار، ڕووەو شوێنە پیرۆزەکە ملیان نابوو.

کارمەندی فەرمانگاکان و شوانەکان شانبەشانی یەک لەگردەکانی سەروی ئۆرشەلیمەوە دەهاتنەخوارەوە. گەنجەکان کە خوێندنیان تەواوکردبوو، تازە بەهاری ژیانیان بوو، لەپاڵ پیاوانێک دەڕۆیشتن کە ئێوارەی تەمەنیان داهاتبوو. مامۆستایانی کەنیشتەکان[1] مل بەملی دوکاندارەکان، کە لە دوورەوە هاتبوون، ڕێگایان دەبڕی. ئەوانە چ لە شارەکانی وەک حەیفا و تەلئەبیب یان چ لە گوندەکانی دەوروبەری دەریاچەی خەلیلەوە دەهاتن. هەموویان بێ ریزپەڕ پۆشاکی رەشیان پۆشیبوو، هەمووشیان کتێبی نوێژیان لەبن هەنگڵدابوو، تاکو ڕوواوڕوو بەرەو بەرزایی دیواری گرینۆک، درودەکانیان بخوێننەوە.

لە هەموو سەدەکانی رابردودا جولەکەکان ئەوەیان کردوە، بەڵام ئەو شەوە(سابات) ئێوارەی هەینی ئەیلولی 1929 شتێکی دیکە لە گۆڕێدا بوو. رابییەکان[2] زۆر خەڵکیان بانگکردبوو، تاکو ئەمجارەیان بەشێوەیەکی بەرچاو و نەترسانە، نوێژەکانیان بکەن. ئەوە تەنها بۆنەیەک نەبوو بۆ نوێژکردن و دەربڕینی بیروڕای ئۆلپەرستییان، بەڵکو ئاماژەیەک بوو بۆ دەرکەوتنی زایۆنیزم و هێمایەکیش بوو بۆ عارەبان، نیشانەیەک بوو کە جوەکان ئیدی بواری لەمەوپاشی هەراسانکردنیان نادەن.

بەر لەو رۆژە، بەچەندان مانگ، بەندو باو سەبارەت بەو رۆژە بڵاو ببوونەوە. خەڵکی موسڵمان تادەهات سەبارەت بەو بالۆرەیەی گوایە هێرشی فراوانخوازی زایۆنیزم بەرێوەیە، تورەتر دەبوون. مەترسیەکەش زیاتر بەهۆی ئاکارەکانی راگەیاندنەکەی بلفۆر سەریهەڵدا، کە پەیمانی دەوڵەتێکی فەرمی بە جولەکە، لەفەلەستیندا دا. ئەوەش بۆ عەرەبە نێشتەجێکانی ئەوێ، ئەوانەی هەندێکیان رەچەڵەکیان بۆ سەر پێغەمبەر دەگەڕاندەوە، شەرمەزاری بوو. ئەو خاکەی کە چەندین سەدە بوو لەسەر نیشتەجێ بوون، کەوتە بەر گەف. ئەوان دەترسان زەویەکانیانو خۆیان لەلایەن زایۆنییەکانو پشتیوانە بەریتانییەکان کە لەگەڵ جەنگی جیهانی یەکەم هاتبوونو مانداتی (راسپاردەیی) فەلەستینیان کەوتە بەردەست، دەستی بەسەردا بگیرێ. بەریتانییەکان فەرمانڕەوایی وڵاتەکەیان بەچەشنی فەرمانڕەوایی بەشەکانی دیکەی ئیمپراتۆریەتەکەیان دەکرد. ئەوان هەوڵیان دەدا هەردولا رازی بکەن، هەم لە ناڵ هەم لەبزماریش بدەن. ئەوەش پێشبەرەی کارەساتەکان بوو. گرژی لە نێوان عەرەب و جو پەرەی سەند. شەڕەچەقەی نێوانیان تا دەهات زیاتر دەبوو. کێشەکەش زیاتر لەسەر ئەو شوێنانە بوو، کە جوەکان دەیانویست کەنیشتە و قوتابخانە دینییەکانیان لەسەر ئاوا بکەن. جوەکان لەسەر ئەوە رژد بوون کە مافی خۆیانە لەبەردەم دیواری گرینۆک لە ئۆرشەلیم، نوێژەکانیان بکەن، چونکە ئەوە گەوهەری ریتوێلە ئاینیەکانیانە.

لە سەعات حەوت، کە سەعاتی شیما ئیسرائیلە، دەوورووبەری هەزار جو لەبەردەم دیوارە، بەردە، لماوییە زەردەکان، خڕبوونەوە و هەریەکەیان پەیڤە کۆنەکانی کتێبە پیرۆزەکەیان دەگوتەوە. بەرز و

[1]– کەنیشتە: واتە پەرستگای جوەکان یان synagoge.
[2]– رابییەکان واتە پیاوانی ئایینی جولەکە(Rabbi).

نزمی دەنگیان ئیقاعێکی دڵخۆشکەرانەی دەدانێ. ئەوکات لەناکاو و بەلەز، بە بەرد و شوشە و قوتوو، هەرچی شتی پیسە بۆمبارانکران. بەردبارانەکە لەلایەن عەرەبەکانەوە بوو، لە بەرزاییەکانی دەووروبەریان ئاگایان لە خۆئامادەکردنی جوەکان بوو. دەنگی بەردو ریزە تەققەی تفەنگە کۆنەکانی دەستی عەرەبە موسڵمانەکان، ئەو ناوەی شێواند. لێرە و لەوێ جولەکە دەکەوتنو لەلایەن هاوەڵەکانیانەوە هەڵدەستێنرانەوەو دەیانبردنەوە. لەو هەرایەدا جێی سەرسوڕمان بوو، کەس نەکوژرا، بەڵام لەژمارە بەدەر بریندایان هەبوون.

هەمان ئێوارە سەرکردە جوەکان لە کۆمەڵگاکەیان، یوزوف Yisjoef لە فەلەستین کۆبونەوە. ئەوان سەلماندیان کە خۆنیشاندانەکەیان بەڕێکو پێکی داڕێژرابوو، وەلێ تەنها لەیەک شتی کەم بوو، ئەویش زانیاری پێشکات سەبارەت بەهێرشی عەرەبەکان بوو.

یەکێک لە ئامادەبووانی کۆبونەوەکە بیرۆکەی مێشکی هەموویانی بەو چەند وشانە دەربڕی " ئێمە دەبوایە بیر لە نووسراوە پیرۆزەکان بکەینەوە. هەر لەسەردەمی شا داودەوە گەلی ئێمە بڕوای بەجاسوسی باش هەبووە".

بە بەر چێژی خواردنەوەی کۆفی تورکی و شیرینی هەنگوین ئاسا، لەوێ بناغەی شتێک دانرا. پاشان وا گەورە بوو، بەسامترین دەزگای زانیاری دنیای (مۆساد) ی لێکەوتەوە. کەچی بۆ بەفەرمی دامەزراندنی، دەبوایە چارەکە سەدەیەکی دیکە بوەستن. سەرانی کۆبونەوەکە بنەمای دەزگای زانیاری بەدەستهێنیان دانا، ئەنجا کەوتنەخۆ، تا پارە لە خۆیان و دراوسێکانیان کۆبکەنەوە. پارەکەش بۆ ئەو عەرەبانە بوو کە دەیانەویست هێشتا بە ئاشتی لەگەڵ جوەکان بژینو زانیاری لەسەر هێرشە چاوەڕوانکراوە تازەکانی عەرەبان بدەن.

لەگەڵ ئەوەشدا جوەکان دەسبەرداری مافی نوێژکردنیان لەبەردەم دیواری گرینۆک نەبوون، بەڵام ئەمجارەیان نەوەک بەپشتیوانی بەریتانییەکان، بەڵکو بەپشتیوانی تواناکانیان لەرێی میلیشیای هاگانا HAGANA ی خۆیانەوە، لە مانگەکانی دیکەی دوای هەرایەکە، توانیان بەهۆی بەیەکەوە بەستنەوەی دوو هۆکاری زانیاری پێشکاتو لەسەرپی بوونی هێزەکانی هاگانا، بەر بەهێرشی عەرەبەکان بگرن. لە ماوەی پێنج ساڵی دوای رووداوەکە، شێوە ئاشتییەکی چەکدار لە نێوان عەرەبو جوەکان پەیدا بوو.

لەو ماوەیەدا جوەکان لەژێرەوە هەوڵیاندا تۆڕی سەرچاوە زانیاری بەدەستهێنەکانیان فراوان بکەن. هێشتا هیچ ناوێکیان بۆ دەزگاکە دانەنابوو، هەروەها "رێکخراوە"کەش بێ رێبەر بوو. زانیاریدەرە(جاسوسە) عەرەبەکانیان لە شوێنی پێویست دەدۆزیەوە. بازرگانە دەستگێڕەکان بەناو گەڕەکە عەرەبەکانی ئۆرشەلیمدا دەگەڕان، پێلاو بۆیەکارەکان کە رۆژویان لەسەر بریقەدارکردنی پێڵاوی ئەفسەرە ئینگلیزەکان بوو، خوێندکارە عەرەبەکان، مامۆستاکان ودوکاندارەکان هەر جولەکەیەک دەیتوانی عەرەبێک وەک زانیاریدەر (جاسوس) بە مەرجێک ئەوانی دیکە ئاگایان لەو زانیارییە هەبێ، کە عەرەبەکە دەیفرۆشێ، بکڕێ. لە کۆمەڵگەیYisjoev بەهێواشی، بەڵام بە متمانەداری، خەزینەیەکی زۆری زانیاری، نەوەک هەر لەسەر عەرەبان، بەڵکو لەسەر دەسەڵاتدارانی بەریتانیایو پلانەکانیان کۆکرایەوە.

هاتنە سەرتەختی ئەدۆلف هیتلەر لە 1933، کۆچی جوەکانی بۆ فەلەستین بەلەزتر کرد. هەر لە 1936 سێسەد هەزار جو لە ئەوروپا بۆ فەلەستین کشان. زۆربەیان بە شپرزەیی گەیشتنە وڵاتی پیرۆز. بە هەر شێوەیەک بێ کۆمەڵگایYisjoev توانی نیشتاک و خۆراک بۆ ژمارەیەکی زۆر دابین بکا. زۆری نەبرد دانیشتوانی فەلەستین 3/1 بوونە جولەکە. عەرەبەکانیش کاردانەوەیان بەهەمان ئاقاری رەفتاری پێشویان بوو. لە منارەکانی سەدان مزگەوتیاندا، دەنگی مەلاکانیان بەداخوازی فڕێدانی زایۆنیەکان بۆ ناو زێ بەرز بووەوە.

عەرەبەکان لە هەر شوێنێک کۆدەبوونەوە، بە قینەوە ناڕەزاییان دەربارەی بارودۆخە تازەکە دەردەبڕی: "ئێمە دەبێ کۆتایی بەو بارە بهێنین، جو ببنە کوێخای وڵاتەکەمان، ئێمە دەبێ کارێکی وابکەین چیدیکە

بەریتانییەکان چەک نەدەنە جوەکان و فێریان نەکەن". بەریتانییەکانیش بە پێچەوانەی عەرەبەکان دەدوان. ئەوانیش نارەزاییان لەسەر ئەو راستیە دەردەبرِی کە نابێ هانی عەرەبەکان بدرێ بۆ دەستبەسەرداگرتنەوەی ئەو زەویانەی کە پێشتر بە جوەکانیان فرۆشتوە.

بەریتانییەکان دەیانویست هەردوولا رازی بکەن، بەلاَم بێهودە بوو. لە 1936 شەرِە قسەو دەمەقالَیەکان بۆ راپەرِینێکی گشتی عەرەبان دژی بەریتانییەکان و جوەکان پەرەی سەند. راپەرِینەکە بەتوندی لەلایەن بەریتانیاوە سەرکوتکرا. جوەکان لەوە تێگەیشتن کە پرسی تورِەیی عەرەب مەسەلەی کاتە و بەزویی دەتەقێتەوە.

لە هەموو لایەک جوەکان پەیوەندیان بە هاگاناوە کرد. ئەوان کرۆکی هێزێکی باسک ئەستووریان پێکهینا. ئەندامانی میلیشیاکە فیزیکیان و توندوبەند، ورەبەرز، باش لە چەک زانین، زیرەک و فێلباز، وەک رێوی بیابانی نەقەب بوون.

تۆرِی زانیاریدەرەکانی عەرەب تا دەهات بەرفراوانتر دەبوو. هاگانا جارِی پێکهێنانی بالَێکی سیاسی دا، ئەرکی تۆوی ناکۆکی چاندن بە بلاَوکردنەوەی دژە زانیاری کەوتە ئەستۆ. لەسەروبەندی جەنگی جیهانی دووهەمەوە هاگانا (کەوشەیەکی عبرییە بە واتای بەرگری) وا پەرەی سەند، باشترین هێزی جەنگاوەری ولاَتە پیرۆزەکەی لێ دەرچوو.

هەوالَەکانی جەنگی جیهانی دووهەم، ئاشتیە لەرزۆکەکەی فەلەستینی هەژاند. چ عەرەب چ جوەکان هەستیان دەکرد گەر هاتباو نازیەکان شەرکەیان بردبایەوە، پاشەرۆژیان تەماوی دەبوو. بەسەرهاتە سەرەتاکانی ئۆردوگاکانی مەرگ لە ناوەراستی ئەوروپا گەیشتنە کۆمەلَگای Yisjoev یوسوڤا. دایڤید بنگۆریۆن و ئیسحاق رابین لە حەیفا لە1942 گەیشتنە یەک. ئەوان لەو کەسانە بوون، دەیانویست رزگاربووانی دەستی توندوتیژی نازیەکان بهێننە Eretz Yisrael ولاَتی ئیسرائیل. کەس نەیدەزانی ژمارەی رزگاربووان چەندە، بەلاَم لەوە بە ئاگابوون ژمارەیان ئەوەندە زۆرە، گەر بگەنە فەلەستین، ئەوا کێشە لەگەلَ عەرەبەکان تیژتر دەبێ، هەروەها ئەوجارەیان بەریتانیەکانیش بەئاشکرا دژیان دەوەستنەوە. بەریتانیا هەر بەردەوام بوو لەسەر رای خۆی، کە نابێ پاشماوەی رزگاربووانی دەستی هیتلەر هەموویان بەیەکجاری بهێنرێنە فەلەستین، چونکە هاوسەنگێتی هاوکێشەی دانیشتوانی فەلەستین لاسەنگ دەکا.

بانگەوازی بنگۆریۆن بۆ چاککردنی دەزگای زانیاری هاگانا گوێی بۆ رادێرا. زانیاریدەری دیکەی زیاتر دانرانو دەزگایەکیش بۆ دژە سیخورِی دانرا. ئەو دەزگایە ئەرکی دەمامک لابردن بوو لەسەر رووی ئەو جولەکانەی لەپالَ کۆمۆنیستە جوەکانو لادەرەکان هاوکاری بەریتانییەکانیان دەکردو خیانەتیان دەکرد. ئەو بالَە دژە جاسوسیە ناوی ریگەل هەردی Rigul Herdi لێنرا و لەلایەن ئەندامی پێشوی بەتالیۆنی فرانسە بیانییەکان، لەژێر ناوی بازرگانی گەرِۆکەوە بەرِێوە چوو.

هەرزو ئەویش ئەو ژنە جوانەی کە پەیوەندییان بە ئەفسەرە بەریتانییەکانەوە هەبوو، رێکخست. هەروەها دوکاندارەکان کە کاروباریان لەگەلَ بەریتانیەکان هەبوو، لە پالَ خاوەن قاوەخانە و چایەخانەکان کە هاموشۆی بەریتانییەکانیان بەسەرەوە بوو، لەگەلَ دەزگاکە هاتنە سەرخەت. دژە جاسوسو خیانەتکارەکان بە نیوەی شەو رادەکێشرانە دادگاکانی هاگانا، ئەوەی تاوانبار بووبایە، حوکمی کوشتن یان ئازارێکی کوشندەی بەسەردا دەدراو لە گردەکانی گودا Juda دا بەگوللە لە مل دان، دەکوژران. ئەوە پێش سێبەری ئەو مۆسادە بوو کە ئیستا لە گۆرِێدایە.

لەسەروبەندی 1945، هاگانا یەکەیەکی تایبەت بەچەک کرِینی دروست کرد. هەرزوو ژمارەیەکی زۆری لەو زرێپۆشو ئۆتۆمۆبێلی چەکداری ئیتالیو ئەلَمانی کە لە دوای شکستی رۆمل لە باکووری ئەفریقا مابوونەوە، بەرەو فەلەستین بەقاچاخ پەراندەوە(ئاودیو کرد). ئەو کارەش ئەو سەربازە جوانە ئەنجامیاندا کە لە ریزی هێزی هاوپەیمانان دابوون و بیابانی سینای میسریان تەی کرد. چەکەکان

بەدزیو بەپشتی لۆری دارییەو وشترەوە هێنرانو لە بیابان لە نێو ئەشکەوتو کونەکان شاردرانەوە، ئەو بیابانەی کە شەیتان ویستی یوسفی تیادا دەستخەڕۆ بکا. یەکێک لەو کۆگا پڕچەکانە لە ئەشکەوتێک بوو نزیک ڕێگای دەریای مردوو، کە چاوەڕێی دۆزینەوەی دەکرا.

کاتێک شەڕەکە بە تەواوی بەخۆ بەدەستەوەدانی ژاپۆن کۆتایی پێهات، ئەو جوانەی لەگەڵ دەزگای زانیاریی هاوپەیمانان لە فەلەستین کاریان دەکرد ، گەڕانەوە. ئەوان بەو زانیاری و ئەزموونەی خۆیان چوونە خزمەتی هاگانا. ئیدی هەموو بارودۆخێک ئامادەبوو کە بنگۆریۆن پێشبینی کردبوو: "بەرپابوونی جەنگ بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆییمان".

ئەو پێشکات دەیزانی واتای ئەو شەڕە بریخا Bricha دەگەیەنێ. بریخاش ئەو ناوە عبریە بوو، جوەکان لەو ئۆپەراسیۆنە بێ وێنانەیان نا کە پێویست بوو بۆ ڕاکێشانی ئەوانەی لەمەرگ ڕزگاریان بوبوو لە ئۆردوگا زۆرەملێکانی ئەوروپای ناوەڕاست، هات بوونە ئیسرائیل. سەرەتا بەسەدان بوون، پاشان هەزاران، دواتر بەدەیان هەزار. زۆربەشیان هێشتا ئەو ژمارانەیان هەر پێوە بوو کە نازیەکان وەک نیشانە لەسەر باسکیان هەڵی کەندبوون. ئەوانە بەشەمەندەفەر لە ڕێگای وڵاتانی بەڵقانەوە، دەربەندی بۆسفۆڕیان بەرەو تورکیا بڕی، تا خۆیان بگەیەننە فەلەستین. ڕێکخراوە جوەکان هەرشتێک لەسەر ئاو ڕۆیشتبا، وەک پاپۆڕ، پاشماوەکانی شەڕی نۆرماندی، بەلەمی ڕاو و پاپۆڕی بارهەڵگریان دەکڕێ یان بەنرخێکی گران بەکرێیان دەگرت. بەکورتی هەرشتێکیان چنگکەوتبا تا بیانگەیەنێتە کەناری ئارام. لەدوای هەڵاتنو پاشەکشەی هێزی بەریتانیەکان لە داون کەرکن Duin Kerken لە 1940، هیچ شوێنێکی جیهان هێشتا کۆڕەوێکی وای بەخۆوە نەبینیبوو.

پاشماوە زیندوەکانی هۆلۆکۆست، ئەوانەی گەیشتنە کەنارەکانی حەیفا و تەلئەبیب، ڕوویان بە ڕووی ئەو سەربازە بەریتانییە هەڵاتووانە بووەوە، کە داونکەرکیان بەجێهێشتبو و ڕزگاریان بوبوو. ئەو سەربازانە فەرمانی سەربازی خۆیان بۆ پاراستنی ئەو کەنارانە لە مل بوو، ئەویش ڕێگرتن لە کۆچی جوەکان بوو. ئەوکات دیمەنی سەیر و دڵتەزێن ڕویدا، وەلێ لە سەرێکی دیکەشەوە ئەو سەربازانە ئەوەیان هاتەوە یاد کە لە مەرگ ڕاکردن چەند سەختە.

بن گۆریۆن لەسەر ئەو ڕایە بوو، کە سیاسەتی چاوپۆشین بەتەنها بەس نیە، بەڵکو دەبێ کۆتایی بە ماندێتی بەریتانیا لەسەر فەلەستین بێ. ئەوەش هەر بە توندو تیژی دەست دەکەوێ. لەدەوروبەری 1946 ئەو واتە بن گۆریۆن لەوە سەرکەوت، کە زۆربەی گروپە نهێنیە جوەکان یەکبخا. ئەوەش بە مۆراڵ وەرگرتن بوو لەو جوانەی یەکەم مۆڵگەیان لە فەلەستین لێداوە و جێگیر بوون. بن گۆریۆن تیشکی سەوزی بۆ هەڵگیرسانی شەڕی پارتیزانی دژی دەسەڵاتی بەریتانی و عەرەبەکان هەڵکرد.

هەر فەرماندەیەکی جو، ئەو ڕاستیەی دەزانی کە قومارێکی گەورەویە لەیەک کاتدا لە دوو بەرەدا بجەنگێ. ئەوە کاریگەریەکی قوڕسی بەسەر هێزی شەڕکەر و بناوانە کۆمەکیەکانیان دەبێ. هەر دۆڕاندنێک زۆر دژوار دەکەوێتەوە. بن گۆریۆن پەیامی دا، نابێ هیچ کەسێک و هیچ شتێک هەڵبگیردرێ، بەڵکو دەبێ هەمووان بەشدار بن. زۆری نەبرد زنجیرەی شەڕو توندو تیژی و پێکدادان درێژەی کێشا. ئەو جوانەی تەنها گومانیان لێدەکرا لە رابردوودا هەواداری هاگانا بوونە یان بڵاوکراوەی ئەوانیان پەخش کردوە، بێ سێی و دوو لە دار دەدران. سەربازە بەریتانییەکان دەکەوتنە کەمین و سەربازگەکانیان بۆمباران دەکران و دەسوتێنران. گوندە عەرەبنشینەکان دەبوونە سوتماک. ئەو شەڕی سەربەخۆییە "دڕندایەتی سەدەکانی ناوەڕاست" بوو.

بۆ هاگانا Hagana ڕێکخراوە زانیاریبەخشەکان (جاسوس و سیخوڕەکان) ڕۆڵێکی چارەنوسسازانەیان گێڕا. بڵاوکردنەوەی دژەزانیاری لەهەمبەر بەریتانیو عەرەبەکان، بەوەی هێزو توانای جوەکان زۆر لەوە زیاترە کە هەیە، کاری خۆی کرد. بەریتانییەکان کەوتنە ڕاوکردنی دوژمنەکانیان کە بەرچاو نەبوون،

چونكه ڕێكخراوه زانیاری بەخشەكان چەك هەڵگر نەبوون تا لە بەرەی جەنگدا دیار بن. ورەی هێزی داگیركاری بەریتانایی پێ بەپێی ڕۆژگار، بەهۆی دەزگا زانیاری بەخشەكانی جوەكان دەشكاو دەبەزی.
بۆ باشكردنی بارودۆخەكە، وڵاتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا لە بەهاری 1946 هەوڵیدا وەك ناوبژیوانێك ڕێككەوتنێكیان پێ بسەلمێنێ. گوشاریان خستە سەر بەریتانیا تاكو بەسەدان هەزاری پاشماوەی هۆلۆكۆست ڕێگەیان پی بدرێو بەرەو فەلەستین كۆچ بكەن، بەڵام ئەو داوایە رەت كرایەوە، بۆیە كوشندەترین شەڕ دەستیپێكردەوە. دواتر لە مانگی شوباتی 1947 بەریتانییەكان دەنگیان بۆ ئەوەدا، فەلەستین پێش كۆتایی مانگی ئایاری 1948 بەجێبێڵن. ئیدی لەو كاتەوە نەتەوە یەكگرتوەكان بۆ چارەسەركردنی كێشەكانی دەوڵەتی جو بەرپرسیار دەبێ.
لە هەستكردن بەوەی جوەكان هێشتا شەڕێكی چارەنووسساز و یەكلاكەرەوە لەگەڵ عەرەبەكان لەپێش ماوە، دەبێ بیكەن، تاكو بەر لەوە بگرن نەتەوییەك پێش سەرهەڵدانی سەركوت بكرێ، بۆیە بن گۆریۆنو فەرماندەكانی دركیان بە پێویستی بوونی دەزگایەكی هەواڵگری جێگیر، كە بەردەوام بۆ كارەكان لەسەر پێ بێ، كرد. جاسوسە جوەكان لە قاهیرە و عەممان دەرفەتی ئەوەیان بۆ رەخسا، نەخشە و پلانی هێرشەكانی سوپای میسر و ئوردن بدزن. كاتێكیش شەڕ هەڵگیرسا، ئەو شەڕەی دواتر بە شەڕی سەربەخۆیی 1948 ناسرا، هێزەكانی ئیسرائیل سەركەوتنی بەرچاویان بەدەستهێنا. لەگەڵ درێژبوونەوەی شەڕدا، بن گۆریۆن بڕوای زیاتر بەوە دەبوو، سەركەوتنی یەكجارەكی دەبێ هەوادارێتی ڕێكخراوەیی سیاسی و سەربازی لەیەك جیاببێتەوە، كە سەركەوتنیش لە 1949 بووە راستیەكی بەرجەستە، هێشتا ئەو دوو بەشیە بە باشی ڕێك نەخرابوون.
لەجیاتی ئەوەی بارودۆخی هەواڵگری سەرچاوەی زانیارییەكان بڕیارێكی باو و بەكارهێنراوانەی بۆ بدرێ، بن گۆریۆن كە بووە یەكەمین سەرەك وەزیرانی یەكەم دەوڵەتی ئیسرائیل، پێنج دەستەی هەواڵگری دامەزراندن، بازنەی چالاكیەكانیان ناوە و دەرەوەی وڵاتی دەگرتەوە. هەرچی بۆ ناوەوەی وڵات بوو، دەزگا نهێنییەكانی بەریتانیان گەورەو فەرەنسایان وەك مۆدێلیك وەرگرت. هەردوو ڕێكخراوەكانیش ئامادەبوون لەگەڵ دامەزراوە تازەكەی ئیسرائیل كار بكەن. لەڕێگەی جێمس جۆیس ئانگلتن James Jeuses Anglton كە لە جیاتی OSS فەرماندەی ئەوكاتەی تۆڕی دژە سیخوڕەكانی ئەمریكا بوو لە ئیتاڵیا، پەیوەندی لەگەڵ نوسینگەی كارگوزاری ستراتیژی لە واشنتن بەسترا. ئەو هاوكاریەی نێوان ئانگلتنو دامەزراوە نەشونماكەرەكەی ئیسرائیل، ڕۆڵێكی كارای لە پەیوەندی بەتین لە نێوان هەردوو دەزگا هەواڵگریەكانی ئەمریكا و ئیسرائیلدا گێڕا.
لەگەڵ ئەو ڕەوتە هەڵكشاوەدا، بن گۆریۆن خەونی بە دەزگایەك دەبینی، ئەندامەكانی زۆر هارمۆنیانە هاوكاری یەكدی بن، تیژڕەو بن لەگەڵ ژانی نەتەوەیەك كە بەزەحمەت و یەكدیگر هەستی ناسنامەی خۆی پەرە پێبدا. وەزیر و بیرۆكراتەكانی بن گۆریۆن بەردەوام لەسەر پایە و دەسەڵات لە ململانێدا بوون. ئەو زۆرانبازیەش ئاستی جیاجیای بەخۆیەوە دەبینی. كێ دەبێ زانیاری زانیاریبەخشەكان لەیەك هەڵاوێردو جیا بكاتەوە؟ كێ ئەو زانیاریانە هەڵدەسەنگێنێ؟ كێ بەرپرسە لەدانانو سەرپەرشیكردنی هەواڵگرو جاسوسەكان؟ راپۆرتەكان یەكەمجار بۆ لای كێ بچن؟ كێ ئەو راپۆرتانە پوخت دەكاتەوە و راڤەیان دەكات و ئامادەیان دەكات بۆ بەردەم سەركردایەتی سیاسی وڵات؟
هیچ گرژیو توندییەك بەقەد گرژیو توندی نێوان وەزارەتی بەرگری و وەزارەتی دەرەوە نەبوو. هەردوولایان داوای ئۆپەراسیۆنەكانی دەرەوەی وڵاتیان دەكرد. ئەوكات هەواڵگری لاو ئیسەر هارل Isser Harel لەو بڕوایەدا بوو كە هاوكارانی ئیشی هەواڵگری بەچاوی ڕۆمانسی سەرچڵی تەماشا دەكەن. ئەوان كاریان وادەكرد، تەواو هۆشمەندنو دەزانن چۆن كونو كەلەبەرەكانی دنیا ببینەوە. ئەوان وا دەجوڵانەوە كە جۆرێك لە تۆڕی جاسوسی نێو دەوڵەتی بنو دەرفەتیان لە قۆستنەوەی كەلێنە بچوكەكانی نێوان قاچاخ و قانونەوە دەدی.

لەو نێوەدا قوربانیانی کوشتار بەهۆی تیرۆری عەرەبو بۆمباکانیان بەردوام بوو. لەشکرەکانی سوریا، میسر، ئوردنو لوبنان هەڕەشەیان لە ئیسرائیل دەکرد. لەپشتەوەی ئەو لەشکرانەش بە ملیۆنان عەرەب ئامادە بوون بەشداری جیهاد، جەنگی پیرۆز بکەن. هەرگیز لە جیهاندا نەتەوەیەک بەو شێوەیە وەک ئیسرائیلی تازە لە دایک بوو، بەدوژمن دەورە نەدرا بوو.

بن گۆریۆن ژیلەمۆی مسیۆناریتی دینی هاولاتیانی ئیسرائیل بوو، وەک گەورە پیاوانی ئیسرائیل لە مێژوی دوورو درێژیاندا، کە توانای پاراستنی بیرو بروایان هەبوو. ئەو خۆشی دەیزانی پێغەمبەر نیە، بەڵکو جەنگاوەرێکە شەڕی سەربەخۆیی دژی عەرەبەکان بردۆتەوە، ئەو شەڕەی عەرەبە دوژمنەکانی 20 بیست ئەوەندە چەکو سوپایان زیاتر هەبوو. لە دیرۆکی ئیسرائیلدا لە دوای سەرکەوتنی داودی شوانکارەوە بەسەر گۆلیاسی Goliath زەبەلاح و تێکو پێکشکاندنی فەلەستینییەکان، سەرکەوتنی وا گەورە رووی نەداوە.

دوژمنی هەنوکەیمان تێکنەشکاوە، بەڵکو ئەو زیرەکانەترو بێ ویژدانانەتر کاردەکاتەوە. دوژمن وەک دزێکی نیوە شەو هەڵسوکەوت دەکات، راستو چەپ، بێ هیچ ئازارێکی ویژدان لە بەرپاکردنی گۆمی خوێنو نیشان دەگرێو پاشان لەبەر چاوان ون دەبێ.

چوار ساڵی رەبەق لە پێناو چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان دەزگا هەواڵگریەکان لە میانەی کۆبونەوەکان، کە بن گۆریۆن سەرۆکایەتی دەکردن بەردەوام بوون. بۆ نمونە پلانی جاسوسیکردن بەسەر دیپلۆماتێکی فەرانسەوی لە میسر لەلایەن وەزارەتی بەرگریەوە رێی پێگیرا. ئەوان، واتە وەزارەت دەیانەویست پیاوێکی خۆیان بەو کارە هەڵبستێ. ئەفسەرێکی گەنج کە تازە سەروسەودای لەگەڵ کاری تۆڕە جاسوسییەکا پەیدا کردبوو، هەفتەیەکی نەبردو ئاشکرا بوو و تیمی دژە جاسوسی میسر پشت ملیان گرت. لە ئەوروپاوە سیخوڕە ئیسرائیلییەکان بەهۆی بازرگانی رەشەوە دەگیران، کارە بازرگانیەکانیان بە مەبەستی بارتەقا هاتنی خەرجییەکانیان بوو، چونکە بودجە تەرخانکراوەکەیان تێی هەڵنەدەهێنا. هەوڵەکانی کێشکردنی دروزە میانرەوەکانی لوبنان راگیران. ڕاگرتنەکەش هەر لەبەر ئەوە بوو، دەزگا سیخوڕیە کێ بەرکێیەکان لەسەر شێوازی کێشکردنیان هاوڕا نەبوون. ئەو نەیارییە گوماناویەی ململانێی نێوان یەکدی زۆر پلانی سەرەکی کەمکردنەوە.

دەسەڵاتدارانی ئەو سەردەمە؛ وەزیری کاروباری دەرەوە، سەرکردەی هێزەکانو باڵوێزەکان هەوڵیان دەدا خەباتی خۆیان بەسەر ئەواندا سەر بخەنو خۆیانی پی دەربخەن. یەکیان دەیویست زیاتر بایەخ بە کۆکردنەوەی زانیاریی لە بوارەکانی ئابووری و سیاسی بدرێ، ئەوی دیکەشیان خوازیار بوو دەزگا هەواڵگرییەکان جەخت بخەنە سەر زانیاری دەربارەی توانای جەنگی و پلانەکانی دوژمن. باڵوێزی ئیسرائیل لە فەرانسە پێی وابوو، دەبێ دەزگای هەواڵگری هەمان شێوازی ژێرزەمینی (نهێنی) فەرانسییەکان لە کاتی شەڕی دووهەمی جیهاندا پەیرەو بکا، ئەو شێوازەش جۆشدانی هەموو جوەکانی وڵاتی دەگرتەوە. هەرچی باڵوێزیان لە ئەمریکا پێی وابوو، دەبێ جاسوسەکان دەمامکی دیپلۆماسیانە بپۆشن و لە باڵویزخانەکان بچنە پێش تاکو کەمتر جێی گومان بن. باڵوێزەکەی بوخارستیش پێی وابوو دەبێ سیخوڕەکان وەک هی K.G.B ی یەکێتی شۆرەوی بن و هەمان چەشنی کارکردنیشیان هەبێ و هەمان بێویژدانی ئەوانیش پەیرەو بکەن. هاوپیشەشی لە بۆینس ئایرس دەیەویست سیخوڕە ئیسرائیلییەکان کڵێسەی رۆمی کاسۆلیک بخەنە ژێر چاودێرییەوە، چونکە ئەوان یارمەتی زۆری نازییەکانیان داوە تا بەرەو ئەرجەنتین کۆچ بکەن. بن گۆریۆنیش بە حەوسەڵەوە گوێی لە هەموو ئەو پێشنیازانە دەگرت.

بن گۆریۆن لە 2 ی مارتی 1951، فەرمانیدا سەرانی هەر پێنج دەزگاکە بچنە نوسینگەکەی. لەوێ بۆی ئاشکرا کردن، نیازی وایە چالاکی هەموو دەزگاکان لە دەرەوە لەژێر ناوێکی نوێ" ها مۆساد لێ تێوم" Ha Mossad le Teoem (پەیمانگا بۆ هاوکاری) رێکبخاتەوە.

"ئەو پەیمانگایە بە بودجەی بیست هەزار لە پارەی ئیسرائیلی دەست پێدەکاو لەو بودجەیەشدا 25% بۆ ئۆپەراسیۆنی تایبەت تەرخان دەکرێ، بەڵام ئەوەش تەنها دوای رەزامەند بوونی من دەبێ". دەزگا هەواڵگریە نوێکە لە جۆشدانەوەو ریزبەندیکردنەوەی دەزگا هەواڵگریە کۆنەکان پێکهات. لەو نێوەدا دەزگا نوێیەکە تەنها بە ناوی مۆساد، واتە پەیمانگا مایەوە.

لە هەموو روویەکی سیاسی و کارگێڕیەوە مۆساد کەوتە ژێر باڵی قانونی وەزارەتی کاروباری دەرەوە، بەڵام دەزگاکانی دیکەی هەواڵگری وەک شین بیت Shin Bet (ئاسایسی ناوخۆ) و ئامان Aman (هەواڵگری سەربازی) و دەزگای هەواڵگری هێزی سەربازی لەنێو مۆساد دا نوینەرایەتیان لە ریگەی گەورە ئەفسەرە هەواڵگرەکانەوە دەبێ. کاری ئەوان ئاگادارکردنەوەی مۆسادە لە پێداویستی مەعمیلەکانیان. ئەگەر هەر جیاوازیەکیشیان لە نێواندا پەیدا بوو، پێویستە کێشەکە بۆ نوسینگەی سەرۆک وەزیران بەرز بکەنەوە.

بنگۆریۆن بەشێوازە تێبینیدارەکەی پێی ڕاگەیاندن" کەواتە پێویستە ئێوە لیستی داخوازیەکانتان بدەنە مۆساد. ئەو بە دوایدا دەچێ و مشوری گەیشتنی کەلوپەلەکان دەخوا. مۆساد هەر شتێکی داواکردو خوازیاری پارەدانی کاڵایەک بوو، ئەوا ئەوە کاروباری ئێوە نیە".

بنگۆریۆن بەخۆی وەک کۆمیتەیەکی تاکەکەسی رکێفی کارکردنەکانی ئەو دەزگا نوێیەی خستە ژێر چاودێریو دەستی خۆیەوە. لە یاداشتنامەکەیدا بۆ یەکەمین بەرێوەبەری گشتی مۆساد، ڕیڤن شیلۆە Reuven shiloah بن گۆریۆن ری لە هەر خراپ لەیەک تێگەیشتنێک دەگرێ، کە نووسیویەتی:" مۆساد لەژێر سەرپەرشتی من کار دەکا، بەپێی رێنماییەکانی من هەڵدەسورێی و راپۆرتیشی بۆ من بەرز دەکاتەوە". ئەو رێسایەش جێگیر کرا.

28 ساڵی پڕ جەنجاڵی، دوای ئەوەی سەرکردە جوەکان، ئەو ئێوارەی پایزی(ئەیلولی) 1929 گەیشتنە یەک، بەوەی زانیاری بەهادار لەسەر عەرەبە دژبەرەکانیان کۆبکەنەوە، تاکو خۆیان لە پەلامارەکانیان بپارێزن؛ ڕێهەڵگرانیان بوونە ئەو دەزگا زانیاری نهێنی کۆکەرەوە، کە ئەو ناوبانگە سامناکە بەسەریەکەوە بنێ و لەهەر دەزگایەکی هەواڵگری دیکەی جیهان، جیای بکاتەوە.

بۆ لەدایک بوونی مۆساد هەموو شتێک بووە تەنها ئەوە نەبێ کە ئاسان بووبێ. پەیمانگاکە رایەڵی سیخوڕێتی لە عێراق وەرگرتەوە، کە چەندان ساڵ لەژێر سەرکردایەتی بەشی سیاسی وەزارەتی بەرگریدا چالاک بوو. کارە سەرەکیەکەی ئەو تۆڕە چوونە نێو بازنەی دەسەڵاتی سەربازی ئەو وڵاتە بوو، تاکو بتوانێ ریگەی کۆچکردنی جوەکانی ئەوێ بۆ ئیسرائیل خۆش بکا.

لە ئادار1951دا تازە 9 هەفتە بەسەر واژۆکردنی بڕیارنامەی بنگۆریۆن بە دروستکردنی مۆساد تێپەڕی بوو، دەزگای دژە سیخوڕی عێراقییەکان لە پڕ بەسەر تۆڕی جاسوسانی ئیسرائیلیان دادا. لەو هەڵکوتانەسەرەدا دوو پۆلیسی ئیسرائیلی لەگەڵ دەیان جولەکەی عێراقی و چەندان بەکرێگیراوی عەرەب گیران. ئەوانە کاریان بۆ دۆزینەوەی ریگەی هەڵاتنی جوەکان دەکرد، کە لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بەربەست کرابوو. لەو پێشهاتەدا، 28 کەس بە تاوانی سیخوڕێتی داوایان لەسەر بەرز کرایەوە. هەردوو پۆلیسە ئیسرائیلیەکەش حوکمی مردنیان بەسەردا درا، 17 کەسیش حوکمی زیندانی تا هەتایە و ئەوانی دیکەش ئازاد کران، بەڵام دواتر هەردوو پۆلیسە حوکم بەسەردا دراوەکە بە پارە رزگار کران. ئەوان سەربردەی دڕندانەترین ئەشکەنجەدانیان دەگێڕایەوە. بەردانیشیان بەبڕە پارەیەکی زۆر بوو، لە بانکێکی سوێسرا، خرایە سەر کۆنتۆی وەزیری ناوخۆی ئەو کاتی عێراق.

هەر دوای ئەو ڕووداوە، زۆری نەبرد نەهاتی دووهەمیشی بەسەرداهات. کابرایەک بەناوی تیۆدۆر گرۆس Theodore Gross کە ماوەیەکی درێژ بوو بە ناوی بەشی سیاسی بەرگری رۆما ئیشی دەکرد، دواتر ئیسەر هارێل Isser Harel سەرۆکی ئەوکاتی شین بێت Shin Bet نووسراوی بەڵگەداری لەسەر دووسەرەبوونی جاسوسێتی ناوبراو، دەستکەوت. گرۆس لەو کاتەی بۆ ئیسرائیل کاری کردوە، جاسوسی

میسریش بووه، پارەی لێیان وەرگرتوه. هارل بەخۆی چوو بۆ رۆما، ناوبراوی به بیانووی فەرمان دەرچوونی بۆ وەرگرتنی بەشێکی دیکەی تۆڕی جاسوسی له تەلئەبیب، هێنایەوه. گرۆس به نهێنیەوه دادگایی کرا. له دادگاکەدا تاوانەکانی لەسەر سەلمێنراو، به 15 ساڵان حوکمی زیندانی دراو هەر له زیندانیشدا مرد.

رێوڤن شیلۆه Reuven Shiloh ی بەڕێوبەر، دوای ئەو رووداوه به تێکشکاوی دەستی لەکار کێشایەوه. دوای ئەو هارل هاته جێگەی. هارل 11 ساڵانیکی دوور و درێژ بەڕێوبەری گشتی مۆساد بوو. سەردەمێک بوو لەوکاتەوه هاوتای نەبوو.

هارلی سەرکردەی مۆساد که به عبریەکی ئەکسێنتداری ناوەڕاستی ئەوروپا دەپەیڤی، له ئەیلولی 1952ەوه بەخۆیی‌و باڵا کورتیه مەتر و نیویەکەی، پێشوازی له فەرماندەکانی دەکرد. باوک و دایکی له 1930 له لیتلاند Litland ەوه بەرەو فەلەستین کۆچیان کردبوو. جلەکانی هارل وا دەهاتنه بەرچاو، هەر دەتگوت پێیانەوه نووستوه. دەستپێکی قسەکانی بۆ کاربەدەستانی مۆساد ئەوانه بوون: "لێرەوه خاڵێک دادەنێین‌و بۆ دواوه ناگەڕێینەوه. نابێ چیدیکه هەڵەی قەبه دووباره ببنەوه. دەبێ هەموومان بەیەکەوه بەرەو پێشەوه بچین. هەر دەبێ لەگەڵ خۆمان قسه بکەین نەوەک کەسی دیکه".

هەر هەمان رۆژ مەبەستەکانی بۆ ئامادەبووان روونکردەوه. دوای شیوو خواردن، بانگی شوفێرەکەی کرد. لەو کاته شوفێرەکه لێی پرسی بەرەو کوێ دەڕۆین؟ بەرسڤی دایەوه که ئامانجەکەی نهێنییه، ئەوسا شوفێرەکەی دابەزاندو خۆی ئۆتۆمبێلەکەی لێخوڕی. پاش کەمێک به خۆی و کارتۆنێک کولیچه گەڕایەوه و دایه پیاوەکانی. ئیدی هەموویان تێگەیشتن که تەنها ئەو پرسیار دەکا.

ئەو دەم که هارل سەرنجی کاربەدەسته ورە شڵۆقەکانی بۆ خۆ کێش دەکرد، دەمێکی بڕیاردەر بوو. ئەو ورەو وزەی نوێی پێدان، بەوەی خۆی نموونەیەکی لێوەشاوەی نیشاندان. ئەو خودی خۆی بەنهێنی دەچووه وڵاته دوژمنەکانی عەرەب، تاکو بەخۆی رایەڵەکانی تۆڕی مۆساد رێکبخاتەوه. هارل هەموو ژن و پیاوێکی دەزگاکەی تاقی دەکردەوه. مەیلی ئەو زیاتر بەلای ئەو جوانەدا دەشکایەوه که له ئۆردوگاکاندا(کیبۆتەکان) Kibots گەوره ببوون.

" ئەو جۆره کەسانه دوژمنەکەمان دەناسن". ئەوه قسەی ئەو بوو لەبەرامبەر کارمەندەکان، ئەوانەی گومانیان لەسەر پلانەکانی هەبوو. هارل رای وابوو" کیبۆتیەکان وەک عەرەبەکان ژیاون، نەوەک هەر ئەوەنده بەڵکو ئەوان فێربوون که خێراتر بیر بکەنەوه".

حەوسەڵەی هارڵ زۆر بوو و کارمەندانیشی لەبیر نەدەکرد، بەڵام ئەوەی له بازنەی ئەو نه بووبایه بەچاوی گومان وەک" هەڵپەرستێکی بێ ویژدان" سەیری دەکرد. هارل نەیدەویست سەروسەودای لەگەڵ دیندارەکان که خۆیان به نیشتمانپەروەرێکی زێدەڕەو نیشاندەدا، پەیدا بکا. روانینی ئەو بۆ جوه ئەرسەدۆکسییانه رەق بوو. لەگەڵ ئەوەش که کۆمەڵی ئەرسەدۆکسی له حکومەتی بنگۆریۆندا هەبوون. هەرزوو ئەرسەدۆکسییەکان رقی زۆریان له ئیسەر هارل بووەوه. هەوڵیان دەدا بەهەر شێوازێک بێ لای ببەن. سەرکرده ناودارەکەی مۆساد هەوڵیدا دۆستایەتی کیبۆتنشینەکان و کەسی سەرۆک وەزیران لەدەست نەدا.

لەو نێوەدا زۆری نەبرد چالاکیەکانی مۆسادی تازه بەسەرپێ کەوتو به ئەنجامی باش به قازانجی مۆساد بشکێتەوه. کارمەندانی مۆساد له شەڕی دژی میسرییەکان له سینادا، رۆڵێکی کارایان وازی کرد. لەهەر پایەتەختێکی عەرەباندا جاسوسێک یان زیاتری لێ پەیداکرد، که زانیاری زۆر گرانبەهایان دەناردەوه تەلئەبیب. هارل سەرکەوتنێکی دیکەی لەساڵی 1954 بەدەستهێنا. ئەوکاتەی چاوی به ئالن دەلەس Allen Dulles ی سەرۆکی ئەوکاتی CIA ی ئەمریکی کەوت. هارل بەرەو واشنتن فڕی‌و خەنجەرێکی پێشکەش سەرۆکی CIA کرد، که ئەو رسته تەوراتیەی لەسەر هەڵکەنرا بوو: " شوانی ئیسڕائیل هەرگیز ناخافڵێ و نانوێ".

دەلەسیش پەرچەکرداری بەو جۆرە بوو: ' تۆ دەتوانی پشت بەوە ببەستی کە من و تۆ بەیەکەوە بێدار بین".

ئەو پەیڤانە ڕێگایان بۆ هاوکاری نێوان مۆسادو CIA خۆشکرد. دەلەس مشووری ئەوەی بۆ مۆساد خوارد کە کۆمەڵێ کەلوپەلی بایەخداری وەک دەزگای بچوکی گوێ لێڕاگرتن، ئامێری هەناردن بۆ وردەکاری جاسوسی کە بەکامێرا لە دوورەوە کۆنترۆل دەکران، دابین بکا. ئەو ئامێرە تەکنیکییە وردو گرنگانە وەک هارل دانی پێدا نا، پێشتر پێی نەزانی بوون. ئەو دوو پیاوە سەرەتای کەنالی هاوکاریان بەیەکەوە دارشت. بەهۆی تەلەفۆنێکی متمانەدار دەیانتوانی لەکاتی پێویستدا پەیوەندی لەگەڵ یەکدیدا بکەن. ئەو کەنالە پەیوەندیە ئاسایشییە هاوچەشنی پەیوەندی دیپلۆماتی نێوان هەردوو وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بەدوادا نەهات. ئەو پەیوەندیە باشە کاری نەکردە سەر باشترکردنی پەیوەندی بازنەکانی دیپلۆماتی هەردوو لا.

هارل لە1961 عەقڵی ئۆپەراسیۆنی پاپۆڕە گەورەکە بوو، بۆ هێنانی هەزاران جولەکە لە مەغریبەوە بۆ ئیسرائیل. ساڵێکیش دواتر هەر ئەو سەرکردە ماندونەناسەی مۆساد، خۆی گەیاندە خوارووی سودان بۆ یارمەتیدانی جەنگاوەرە دۆستە ئیسرائیلییەکانی لە خەباتیان دژی رژێم. هەمان ساڵ کۆمەکی قەڕاڵی ئەسیوبیا(حەبەشە) ی کردو لە هەوڵی دژەکودەتای رزگارکرد. هیلاسی لاسی قەڕال ماوەیەکی درێژ بوو دۆستی ئیسرائیل بوو.

لە وڵات، جوە ئەرسەدۆکسیەکان لە حکومەتەکەی بنگۆریۆن ناحەزتر دەبوون. سکاڵایان لەسەر ئیسەر هارل هەبوو، گوایە زیاتر بۆتە کەسێکی ئاوتۆکراتو گرنگی بە هەواداریێتی ئۆلی ئەرسەدۆکسیەکان نادا، بەلای ئەوان هارل هەر بەگوێی خۆی دەکا. بەڵێ رەنگبێ ئەو ئاواتی وەدەستهێنانی بەرزترین پایەی لە وڵات هەبووبێ. لێرەوە بنگۆریۆن زۆر هەستیارانە بەرامبەر سیاسەتوانە کێبەرکێکارەکان رەفتاری نواند. ئەمەش واکەوتەوە ساردییەک بکەوێتە نێو ئەو و هارل. پێشتر کە دەستی هارلی واڵا کردبوو، کەچی ئێستا داوای لێ دەکرد بەدوورو درێژی کونو کەلەبەرەکانی چالاکیو ئۆپەراسیۆنەکانی بۆ روونبکاتەوە. هارل ئەو جۆرە دەستگرتنەی پیناخۆش بوو، بەڵام لەسەریشی بێدەنگ بوو. کەمپینی هەراسانکردنی هارل تادەهات چڕتر دەبووەوە.

لە شوباتی 1962 گومانەکان لەسەر حیسابی ژیانی منداڵێکی هەشت ساڵانە بەناوی یوسل شخوماخەر Joselle schumacher تیژتر بوون. دوو ساڵ پێشتر ناوبراو تاڕادەیەک بەئاگایی دایک و باوکیشی لەلایەن ئاینزایەکی ئەرسەدۆکسە فەندەمەنتالەکان رفێندرا. باپیرەی یوسلی باوکی دایکی ، بەناوی ناهام شتارکەس Naham Shtarkes کە ناوی لەخۆنابوو نەتوری کارتا[3]، یەکێک بوو لەو ئاینزایانە، ئەو گومانی رفاندنەکەی لێکرا. پۆلیس بە بەرفراوانی بەدوای فڕاندنەکەدا چوون، کەچی نەیانتوانی شوێن پێی رفێندراوەکە هەڵبگرنەوە. بۆ ماوەیەکی کورت ناهامی باپیرە گیرا، چونکە ئامادە نەبوو هاوکاری تیمی لێگەڕان لە منداڵە رفێندراوەکە بکا. ئیدی ئەرسەدۆکسە فەندەمەنتالەکان کابرای باپیرەیان وەک شەهیدێک دانا، بە هەزاران خۆپیشاندانیان سازدا و دروشمی وایان هەڵدەگرت کە بنگۆریۆن و نازییەکانیان لەیەک ریز دادەنا. لەبەرئەوەی چۆن وێراون پیرە پیاوێکی وەک ناهام زیندانی بکەن. کاتێکیش ناهام بەهۆی ناتەواوی لەشساخیەوە بەردرا، دیسان خۆپیشاندانەکان سەریان هەڵدایەوە.

راوێژکارانی بنگۆریۆن هۆشداریان دا، کە ئەو بەسەرهاتە کارانگازی بەسەر هەڵبژاردنی دادێدا دەبێ. لەوەش خراتر گومانی ئەوەش نەدەڕەوایەوە کە هەندێ لەو ئەرسەدۆکسانە لە شەڕی نوێی عەرەبو ئیسرائیلدا، رەنگبێ لایەنگری عەرەبەکان بکەن. ئەوکات سەرۆک وەزیرانی تەشەنەلێدراو فەرمانی بە هارل کرد، بەدوای منداڵە رفێندراوەکەدا بگەڕێ. هارل گوتی:" ئەو کارە ناچێتە چوارچێوەی چالاکیەکانی مۆسادەوە". پاشان هارل لەو بارەیەوە گوتی:" کەشی نێوانمان تەڕدەست بەستی. ئەو ( واتە سەرەک

[3] – نەتوری کارتا: Netoerei Karta واتە ئێشکگری دیوارەکانی ئۆرشەلیم.

وەزیران) دوبارەی کردەوە کەوا ئەوە فەرمانە. منیش پێم ڕاگەیاند دەبێ دۆسیەکەی لای پۆلیس ببینم. سەرەک وەزیران یەک سەعاتی مۆڵەتی دام".

دۆسیەکە قەبە و ئەستوور بوو، بەڵام لە کاتی خوێندنەوەکەدا شتێک لای هارل وروووژا؛ مافی دایک و باوکانە منداڵەکەیان پەروەردە بکەن ،بێ ئەوەی لەلایەن بیروڕای توندڕۆیی ئۆلیەوە بخرێنە ژێر گوشار.

یۆسێل Joselle لە ئازاری 1953 لەدایک بووە، باوکی ناوی ئارتۆر Arthur و دایکیشی ئیدا شوماخەر Ida schumacher بووە. لە سۆنگەی نەبوونیەوە ئەو دایک و باوکە، کوڕەکەیان ڕەوانەی لای باپیریان لە ئۆرشەلیم کردووە. لەوێ کوڕەکە خۆی لە نێو بازنەیەکی داخراوی هەوادارە دینیە توندڕەوەکان بینیەوە، ئەوانەی خۆیان لاپەڕگە کردبوو، لە شار دابڕابوون. باپیر نەوەکەی خۆی بەو جغزە داخراوەی باوەڕەکەی و ڕێنماییەکانی گۆش دەکرد. کاتێک دایک و باوکی هاتن و داوای کوڕەکەیان کردەوە، باپیرە زۆر بەتوندی بە بیانووی ئەوەی دایکو باوکەکە بەگوێرەی لێکدانەوەی باپیرە بە دینەکەییان گومڕا بوون، بەگژیان داچوو.

پیاوە پیرەکە لەو نەوە جوانە بوو کە بیروڕای ئاینییان یارمەتیان دان لە هۆلۆکۆستدا دەرباز ببن. کچی ناهامی پیرەو زاواکەی لە نەوەی تازە بوون، کە دەیانەویست ژیانێکی خۆش بەسەر ببەن. لای ئەوان دین بە پلەی دووهەم دەهات.

کاتێک دایکو باوکی یۆسێل لەلایەن ناهام پڕ ڕەخنەکران، دەستبەجێ داوای کوڕەکەیان کردەوە. ناهام پێی ڕاگەیاندن کە ئەوە گوناهێکی مەزنە دەرهەق ئەو کوڕە، چونکە دەرهێنانی لە چوارچێوە پەروەردە ئاینییەدا، کار لە بەرپرسیارێتی مەزن بوونی دەکا. ئەو قسانە شەڕ و دەمەقاڵی بەدوا داهات. بۆسەردانی داهاتووی دایک و باوکەکە، کوڕەکەیان شوێن بزر کرا.

سۆسیال دێموکراتە جوەکان هەروەک ئەرسەدۆکسیەکان ئەو ڕووداوەیان وەک دەرفەتێکی دەربڕین قۆستەوە، تابڵێن ململانێیەک هەیە نەتەوەکە لەیەک دەترازێنێ. ئەو ڕاستیەش ڕوون و ئاشکرا بوو، پارتی کاری بنگۆریۆن بەجێکردنەوەی نوێنەرانی لایەنە ئۆلییەکانی ناو کنێست(پەرلەمان) لە حکومەتەکەیدا لەسەر دەسەڵات دەمێنێتەوە. بۆ ئەو سەودایەی ئەرسەدۆکسییەکان کۆمەڵێ ڕێسای توندیان بۆ تەوافوقکردن ناچارکرد. ئەوان داوای زیاتریشیان دەکرد. سۆشیال دیموکراتە جوەکانیش دەستبەجێ داوای گەڕاندنەوەی یۆسێل یان بۆ لای دایک و باوکی دەکرد.

دوای ئەوەی هارل دۆسیەکەی خوێندەوە، سەرەک وەزیرانی دڵنیاکردەوە کە دەتوانێ مۆساد بۆ ئەو کارە بەکاربێنێ. هارل تیمێکی 40 کەسی بۆ بەدواداگەڕانی یۆسێل پێکهێنا. زۆر لە فەرمانبەرەکانی ڕاشکاوانە ناڕەزاییان دەربڕی، چونکە توانا و پسپۆڕێتیان بۆ شتێکی دیکە بەکار دێ.

هارل کورتە پشوە بێدەنگیەکەی هاوڕێکانی بەدەرەفەت زانی و پێی گوتن: " هەرچەندە ئێمە لە دەرەوەی بازنەی کارەکانمان چالاکی دەنوێنین، بەڵام ئەوە پرسێکی یەکجار گرنگە. ئەوە بنەماو پێشینەکەی لە نێو کۆمەڵگاو ئاییندا هەیە. لەبەرئەوەش زۆر گرنگە چونکە پرستیژ و دەسەڵاتی حکومەتەکەمان لەسەنگی مەحەک دەدا. سەرباری ئەوەش کارەکە بایەخەدارە، چونکە کارێکی تەواو مرۆیانەیە".

هەر زوو لەسەرەتای هەفتەکانی یەکەمەوە تێگەیشتن لێکۆڵینەوەکەیان چ ئەرکێکی بەفەرە. یەکێک لە پیاوەکانی مۆساد دواتر پلەو پایەی تا سەرۆکایەتی شین بیت Shin Bet ڕۆیشت، لێگەڕا تا ڕیشی خۆی تەواوێک هاتو خۆی وەک فوندەمەنتالیکی ئەرسەدۆکس نیشاندا و بە مەبەستی چوونە نێو ڕیزەکانیانەوە، بەڵام ئەو هەوڵەیەیان سەرنەکەوت. پیاوێکی دیکەی مۆساد ئەرکی چاودێریکردنی قوتابخانەیەکی جولەکانی پێسپێردرا. یەک دوو ڕۆژی نەبرد ئەویش ئاشکرا بوو. سێهەم پیاویان خۆی وەک تازیەدارێکی شاسیChassidis (گروپێکی ئاینی جوەکانن) نیشاندا، گوایە دەچێتە ئۆرشەلیم کەسێکی خۆی لێ بنێژێ. ئەویش ئاشکرا کرا، چونکە وەک شاسەکان نەیدەزانی وێردە ئاینییەکان بخوێنێتەوە.

هەموو ئەو شکەستانە، هارلی لەسەر کردەی پشکنینەکە سورتر کرد. ئەو بە تیمەکەی گوت کەوا بڕوای وایە منداڵەکە لە ئیسرائیل نەماوە، ڕەنگبێ لە ئەوروپا بێ یان دوورتر. بۆیە بنکەی لێگەڕانەکەی بۆ ماڵێکی ئارامی مۆسادی بۆ پاریس گواستەوە. لەوێوە پیاوەکانی بۆ ناو کۆمەڵگە ئەرسەدۆکسیەکان لە هەر یەک لە ئیتاڵیا، نەمسا، فەڕەنسا، بەلجیک و شانشینی یەکگرتوو ناردن. کاتێک لەوێ هیچیان دەست نەکەوت، ئینجا پیاوەکانی ڕەوانەی خوارووی ئەفریقاو وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا کردن.

کردەی بەدواداگەڕانەکە پڕ بوو لە شتی سەیروسەمەرە. کاتێک 10 پیاوی مۆساد لە نوێژی یەکشەممە لە سیناگۆگێکی(کەنیشتەی جوەکان) لە هێندۆنی لەندەنی ئامادەدەبن، ردێنی ساختەی هەندێکیان بەهۆی ریتوێلەکە دەکەوێتە خوارەوە، جوە نوێژکەرەکان بانگی پۆلیس دەکەن تا ئەو" فێلبازە دیندارانە" بگرن. پیاوەکانی مۆساد لە ڕێی باڵوێزخانەکەیان کە داوای لە وەزارەتی ناوەخۆی ئینگلیز کرد، ئازادکران. رابانیێکی ئۆرسۆدۆکسی بە حورمەت بە بیانووی ئەوەی خێزانێکی جوی دەوڵەمەند، دەیەوێ کوڕەکەی سونەت بکا بۆ پاریس رفێندرا. لە فڕۆکەخانەوە لەلایەن دوو پیاوی مۆسادەوە بەقات و شەپقەی ڕەشەوە وەک دوو کەسی شاسی پێشوازی لێکران. ئەو دووانە دوو پیاوی مۆساد بوون، راپۆرتەکەشیان کۆمیدیایەکی رەش بوو: رابانیەکە بێ ئەوەی ئاگای لەهیچ بێ، بردرایە سۆزانیخانەیەک، لەپڕ دوو سۆزانی کە پارەمان بۆ ئەو مەسەلەیە دابونێ و دەرکەوتن و خۆیان لە پیاوە ئاینییەکە هەڵسوی. ئێمەش لەوکاتەدا وێنەمان گرتن. ئینجا چووینە بەرچاوی و پێمان گوت:" گەر پێمان نەڵێی منداڵەکە لە کوێ شاردراوەتەوە، ئەگینا وێنەکان بۆ کۆمەڵگاکەت دەنێرین". لە دواییدا رابانیەکە توانی پێمان بسەلمێنی کە ئاگای لە هیچ نیە، ئیدی ئێمەش لەبەرچاوی ئەو وێنەکانمان دڕاندن.

لەو کاتەی بەدوای جوە ئەرسەدۆکسەکان دا دەگەڕا بۆ سۆراخکرنی منداڵەکە، رابانیێکی دیکە بەناوی شای فرێرShai Freyer کەوتە بەر بازنەی بایەخ پیدانی هارلەوە، ، لەوکاتەی رابانەکە لە پاریسەوە بەرەو ژنێڤ دەچوو. کاتێ کە بە دوایدا دەڕۆیشتن و تەنگەتاویان کردبوو، هەر ئەوەندەیان زانی ئەو بەشەقامیکدا دەڕوا لەو سەرەوە داخراوە، هارل فەرمانی بەگرتنی رابانەکەدا و بردیانە خانوێکی مۆساد لە سویرا. بڕیاریدا رابانەکە لەوێ بمێنێتەوە تا تەواوی کردەی لێگەڕانەکە سەردەکەوێ، چونکە لەوە دەترسان رابانەکە هەموو کۆمەلگای ئەرسەدۆکسە جوەکان لە بنگۆریۆن بوروژێنێ.

دەبوایە بەشێوەیەکی دیکەی نوێ سۆراخەکەیان درێژە پێبدەن. ئەوەش لەڕی مادلین فرای Madeleine Frei بوو. مادلین کچی خانەوادەیەکی ئەرستۆکراتی فەڕەنسی بوو. لە کاتی جەنگی جیهانی دووهەمدا ئەندامی هێزی بەرەنگاری فەڕەنسی بوو، وەک کچێکی بەرەنگاریکار میدالیای پاڵەوانێتی پێدرابوو. مادلین کۆمەڵە منداڵێکی زۆری جوەکانی لە مەترسی ژووری گازی نازیەکان، رزگارکردبوو. دوای تەواوبوونی شەڕ چووە سەر دینی جولەکان.

لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە دەرکەوت، مادلین بەردەوام سەردانی ئیسرائیلی دەکردو سەروسەودای لەگەڵ گروپی نێتوری کارتا هەبووە و تەنانەت چەند جارێکیش باپیرەی یوسێلیشی دیت بوو. دواجاری سەردانی ئیسرائیلیشی لە دەوروبەری ئەکاتە بوو، کە منداڵەکە بێ سەروشوێن بوبوو. دواتر مادلین نەگەڕایەوە ئیسرائیل.

لە ئابی 1962 دوو پیاوی مۆساد شوێنپێی مادلینیان لە گەڕەکێکی دەرەوەی پاریس هەڵگرت. کاتێک ئەوان خۆیان بە مادلین ناساند، پەشۆکا، ئەوسا پیاوەکانی مۆساد هارلیان ئاگادارکردەوە.

هارل بە مادلینی گوت:" بە چ ناهەقیەکی گەورە ئەوەت لەگەڵ دایکو باوکی یۆسێل کردوە. ئەوان هەقی خۆیانە کوڕەکەیان بەهەر شێوەیەک بێ، گەورە بکەن. کەس ناتوانێ ئەو مافە لەدایک و باوکان بستێنێتەوە". مادلین سوور بوو لەسەر ئەوەی هیچ دەربارەی یۆسێل نازانێ. هارل سەرنجی دا کە پیاوەکانی بڕوایان بە قسەکانی مادلین کردووە.

هارل داوای له مادلین کرد پەساپۆرتەکەی پێ نیشان بدا. لەپشت وێنەکەی ئەو وێنەیەکی کچەکەی تێدا بوو. داوای له پیاوێکی خۆی کرد وێنەیەکی یۆسێلیش بێنن. دەموچاوی وێنەی هەردوو منداڵەکە بە سێوێکی دوو لەت دەچوو. ئینجا هارل تەلەفۆنی لەگەڵ تەلئەبیب کردو گوتی: " لەماوەی سەعاتێکدا هەموو ئەو شتانەم زانی کە دەبوایە بیزانم. ئەوەشم هەر لە سەرەتای دواندنی مادلینەوە بۆدەرکەوت، کە میهرەبانییەکەی سەردەمی خوێندکاری ئەو و ئەوەش وایلێکرد دینی خۆی لە کاسۆلیکی رۆمییەوە بۆ جولەکایەتی بگۆڕێ و بچێتە نێو بزوتنەوەی ئەرسەدۆکسی ". من بەمادلینم گوت وەک ئەوەی بە جارێک هەموو شتێکم بۆ دەرکەوتبێ ئەو پرچی منداڵەکەی بۆیە کردوەو وای لێکردوە نەناسرێتەوە و لە ئیسرائیلی دەرکردوە. ئەو سەرەتا حاشایی لەوە کرد. من پێم گوت:" کەوا پاشەڕۆژی ئەو وڵاتە (واتە ئیسرائیل) کە تۆ ئەوەندە خۆشەویستیت بۆی هەیە، لە مەترسیداو خەڵکەکەی کە دڵت بۆیان لێدەدا وا خەریکە بەبەردان دژی یەکدی دەبنەوە". هێشتا ئەو رازی نەبوو شتێک لەو بارەیەوە بدرکێنێ. ئەوجارەیان پێمگوت:" کە یۆسێل دایکێکی هەیەو زۆری خۆش دەوێ، وەک تۆ چۆن هەموو منداڵەکانت خۆشەدەویستن‌و لە سەردەمی شەڕدا یارمەتی رزکارکردنیانت دەدا".

لە کۆتاییدا قسەکانم کاریانکرد. لە پڕێکەوە دەستی بەگێڕانەوەی بەسەرهاتەکە کرد، چۆن لەڕێی دەریاوە وەک گەشتیار هاتۆتە حەیفا بۆ گەشت کردن. لەناو پاپۆڕەکەدا برادەرایەتی لەگەڵ خێزانێکی کۆچکەرە نوێیەکان پەیدا کردوە کە کچێکیان لە تەمەنی یۆشێل هەبووە. مادلین لە دابەزینیان لە پاپۆڕەکەدا کۆمەکی کچەکەی دەکرد، فەرمانبەری کۆچبەرانیش لای وابوو ئەوە کچی خۆیەتی، فەرمانبەرەکە هەر بەو شێوەیە لە دەفتەرەکاندا تۆماری کردبوو. بەمجۆرە هەفتەیەک دواتر بە بەرچاوی پۆلیسەوە، مادلین لەگەڵ "کچەکەی" بەفڕۆکەوە گەیشتە( زیورخ) کە یەکێکە لە شارەکانی (سویسرا). مادلین زانی چۆن سەری یۆسێل بۆیە بکاو جلی کچانەی پی بپۆشێ‌و دەری بکا.

ماوەیەکی درێژ یۆسێل لە قوتابخانەیەکی ئەرسەدۆکسی لە سویسرا دانرا، لەوێ رابی شای فریر Shai Freyer یەکێک بوو لە مامۆستاکانی. کاتێک مۆساد رابییەکەیان رفاند، مادلین پەلی منداڵەکەی گرت بوو و بردبوویە نیۆیۆرک و لەوێ لە ماڵێکی سەر بە گروپی نیتوری کارتای دانابوو. هارل دوای ئەو چیرۆکە بە مادلینی گوت: "دەکرێ ناو و ناونیشانی ئەو خێزانەمان بدەیتێ؟"

ماوەیەک بێ دەنگی خایاند، تا مادلین لەسەرخۆ وەڵامی دایەوە" ئەو واتە یۆسێل هەنووکە لەو ئەدرێسە 126 Penn Street, Brooklyn لە نیۆیۆرک دەژی. ناوەکەشمان کردۆتە یانکیل گێتنەر Yankale Gertner.

هەر لە سەرەتا و یەکناسینیانەوە، هارل بەخەندەوە پێی دەگوت:" سوپاس مادلین، من دەمەوێ بەوە سوپاست بکەم کە کارێکت لەناو مۆساددا بدەمێ. خەڵکانێکی بەهرەداری وەک تۆ دەتوانن بۆ ئیسرائیل کەڵک بەخش بن". مادلین لەسەر ئەوە سوپاسی کرد.

پاشان پیاوانی مۆساد بەرەو نیۆیۆرک فڕین. لەوێ لەلایەن تیمێکی FBI چاوەڕوانی دەکران، کە سەرۆک رۆبەرت کەنەدی Robert Kennedy بەخۆی ڕینمایی کۆمەک کردنیان کردبوو. ئەوەش بە دوای سەردانێکی بنگۆریۆن بۆ کەنەدیدا هات. پیاوەکانی مۆساد چوونە بەردەم ئەدرێسەکە. گێرتنەر خانم دەرگای کردەوە، پیاوەکان یەکسەر بەپاڵنانەوە چوونە ژوورەوە، هێشتا مێردی خانمەکە لە خەو هەڵنەستابوو. لە تەنیشت ئەوەوە کوڕێکی لێ بوو بەخۆیدا دابوو. یەکێک لە پیاوەکان بەنەرمیەوە پێی گوت" یۆسێل چۆنی، ئێمە هاتووین بتگەڕێنینەوە ماڵەوە"

لەو کاتەوەی مۆساد بە دوای سۆراخ گەڕانی یۆسێلدا بوو، هەشت مانگی خایاند. کارەکە نزیکەی یەک ملیۆن دۆلاری ئەمریکی تێچوو.

دۆزینەوە و گەڕاندنەوەی یۆسێل بەلای کەمیەوە ئەو درزانەی کە بەهۆی ناکۆکی ئاینییەوە سەریان هەڵدا بوو، پێ دانەخرایەوە، دواتر حکومەتیش هەر بەو دەردە شلۆقیەوە دەیناڵاند، تەنانەت روخانیشی بەهۆی گروپە ئەرسەدۆکسیەکان نێو کنێستی ئیسرائیلی بوو.
هەرچەندە هارل لە دۆزینەوەی منداڵەکەدا سەرکەوت، بەڵام کاتێ گەڕایەوە ئیسرائیل رووبەڕوی یەکێ لە پیاوە بەهێزەکانی بووەوە ، ئەویش مایەر ئەمیت Meir Amit دژبەری بەهێز بوو. جەنەڕاڵ ئەمیت ببووە سەرۆکی ئامان هەواڵگری سەربازیی. هەروەک چۆن هارل سەرنجی رەخنەگرانەی لەسەر ئەوانەی پێشخۆی هەبوون، ئاواش ئەمیت هارلی دایە بەر نەشتەری رەخنە، بەتایبەتیش ئۆپەراسیۆنی دۆزینەوەی یۆسێل زۆر شتی هێنایە پێشەوە.
ئەمیت ئەو فەرماندەیە کارامەیە، بەپێی گۆڕانکارییە سیاسییەکان بووە برادەرێکی باشی بنگۆریۆن. ئەو بە سەرەک وەزیرانی راگەیاند گوایە هارل 'زۆر دەستکراوە" بووە لەگەڵ سەرچاوەکانی، بەشێوەیەک ئۆپەراسیۆنە رزگارکەرەکان ماوەیەکی زۆریان خایاندوە، ئەویش بخەسەر کە هارل زۆر وەک سەرۆکی دەزگاکە ماوەتەوە. وادیار بوو بنگۆریۆن لە یادی چووبوو کە خۆی بۆ ئۆپەراسیۆنەکە فەرمانی بەهارل دا بوو ، بۆیە لەگەڵ ئەمیت هاوڕابوو. لە 25 ئازاری 1963 لەژێر کاریگەری کەمپینی هەراسانکردنێکی دوور و درێژەوە، هارل لە تەمەنی50 ساڵیدا دەستی لە کار کێشایەوە. کاتێ هارل لە بارەگای سەرەکی مۆساد تۆقەی ماڵ ئاوایی لێدەکردن، پیاوە تێگەیشتووەکان نەیاندەتوانی فرمێسکەکانیان بشارنەوە، هەموویان هەستیان بەوەکرد کە کۆتایی سەردەمێک هات.
سەعاتێک دوای ئەوە پیاوێکی چوارشانەی درێژی، سیما هەڵۆیانەی، روخسار جوان، وەک ئەوە وابوو کە بە ئەکتەری (رۆڵ نواندن) لە دایک بووبێ، جێی خۆی لە بارەگا سەرەکیەکە گرت. ئەویش مایر ئەمیت بوو، سەرۆکایەتی مۆسادی پێسپێردرا. مرۆڤ پێویستی بەوە نەدەکرد پێغەمبەر بێ و لەداهاتوو بزانێ، هەموو کەس دەیزانی کە گۆڕانکاری گرنگ بەڕێوەیە.
دوای چارەگێک لە دەست بەکاربوونی و هاتنی بۆ ناو بارەگاکە، بەڕێوەبەری گشتی مۆساد فەرمانیدا فەرماندەکانی کۆببنەوە. ئەوان بە کۆمەڵ هاتنو لەبەردەمیدا وەستان؛ ئەمیت بە بێدەنگی سەیری هەموانی دەکرد. کە دەستی بەقسان کرد بەشێوازێکی چڕی توند وەک چۆن پێشتر فەرنماندارێتی چەندان پێکدادنی کردوە لەشەڕگەکاندا.
کۆتایی بەو سەردەمەهات کە بەدوای منداڵی ونبوودا بگەڕێین. هیچی دیکە کاری سیاسی ناشیاو نابەجێ ناکرێن. ئەو دەبێتە پارێزەرو پشتیوانی هەریەکەیان بەرامبەر رەخنەی کەسانی دەرەوە، بەڵام نابێ هیچ کەس رەچاوی ئەو کاردانەوەی لێبکا کاتێک ببنە مایەی بێئومێدکردنی لە ئەرکەکاندا. ئەو هەوڵی لە ڕادەبەدەر دەدا بۆ زیادکرنی بودجە و بەدەستهێنانی ئامێری باشتر و پەیداکردنی سەرچاوەی یەدەگی دیکەی کۆمەک. ئەوەش بۆ ئەوە نەبوو تا ئەوەیان لەبیر بباتەوە کە لە راستیدا یەک تاکە بناوان لە ئەوانی دیکە هەموویان گرنگترە ئەویش Humint ە واتە هونەری زانیاری پەیدا کردن لەڕێگەی سەرچاوە زانیارییەکانی مرۆڤەوە. ئەو ویستی ئەو هونەرە کاراتر بکرێ و ببێتە لەپێشترین کارامایەتی مۆساد.
کارمەندە نزیکەکانی بۆیان دەرکەوت کە سەرۆکەکەیان لەو کەسانەیە دوورتر لە ئیشی ئەمڕۆ دەڕوانێ و چاویشی لەسەر دەرەنجامەکانی ماوەی ساڵانی ئایندەیە. بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای سەربازی، سەر بەو بەشانە بوو کە دەیەویست مۆساد کاری پێبکا.
کەمێک دوای دەستبەکار بوونی ئەمیت وەک سەرۆکی مۆساد، کابرایەک بە ناوی سەلمان، لەخۆیەوە سەری لە باڵوێزخانەی ئیسرائیلی لەفەڕنسا دا، بۆ دەربڕینی پێشنیازێکی تێبینیداری سەرسام: ئەویش بە یەک ملیۆن دۆلاری ئەمریکی کاش، دەتوانێ مشووری گەیاندنی گرنگترین فڕۆکەی نهێنی سەر ئەو زمینە، کە مێکی MiG 21 ی روسیاییە بۆ دەستی ئیسرائیلییەکان بخوا. سەلمان ئەو پێشنیازە سەیرەی خستەبەردەم دیپلۆماتی ئیسرائیلی و سەردانەکەشی بەو داوایە سەیرە کۆتایی پێهێنا: " یەکێک بنێرنە

بەغدا، لەوێ با تەلەفون بۆ ئەو ژمارەیە بکا و لە یوسف بپرسێ. مشووری ئەوەش بخۆری کە ملیۆن دۆلارەکە ئامادەبێ."

دیپلۆماتەکە راپۆرتێکی تێرو تەسەلی لە ناوەڕۆکی قسەکان ئامادە کردو بە کاتسای رەوانەی لای ئەمیتی کرد. کاتسا ئەو کەسە بوو کە لە ئۆپەراسیۆنە سەختەکەدا دەرباز بوبوو. ئەو راپۆرتەکەی ناردە تەلئەبیب بە ژمارەی تەلەفۆنەکەی کابراشەوە.

مایر ئەمیت بە چەندان رۆژ هەڵگێرو وەرگێڕی دەکرد. ئەو سەلمانە رەنگبێ لە دواییدا فێڵباز یان هەوادارێک بێ، یان بەشێک بێ لە پیلانێکی عێراقی بۆ گرتنی پیاوانی مۆساد لەوێ. ئەوە دەبوایە لەگەل ئەو کاتسا گروپەی ئەوێ بە باشی تاوتوێ بکرێ، لەلایەکی دیکەشەوە بەدەستهێنانی میکی 21 بەرەنگاری ناوێ.

بەهۆی خاسیتە باڵاکان، خێراییەکی زۆر تیژ، ئاراستەی خۆگۆڕین و خولانەوە، چەکدار بوون و کورتماوە بۆ پاراستنی، ئەو ئامێرە گرنگترین چەکی ئاسمانی بوو لە هەموو دنیای عەرەبدا. ژەنەڕالە ئیسرائیلیەکانی هێزی ئاسمانی خوا خوایان بوو بەلەز و بێ دودڵی یەک ملیۆن دۆلار بۆ کەمێک لە کۆپی دیزاینی میک21 پەیدا بکەن، چجای فڕۆکەکە خۆی. مایر ئەمیت گوتی؛ " ئەز پێەوە گرفتار بوبووم، شەو لەگەڵیدا دەخەوتم و بیرۆکەکە وازی لێنەدەهێنام. ئەز گەر لەژێر دوشیش بام یان لەسەر مێز هەر بیرم لێدەکردەوە. زانینی دوا زانیاری لەسەر چەکە پێشکەوتوەکانی دوژمن بێگومان بۆ هەر دەزگایەکی زانیاری کۆکەرەوە پێشنۆرە دێت. ئەوەش هەڵناکەوێتەوە کە ئاوا بۆت بێتە بەردەست".

هەنگاوی یەکەمیان ناردنی پیاوێک بوو بۆ بەغدا. ئەمیت بۆ ئەو پیاوەی کە ناردی کەسێکی دیکەی لێدروست کرد، وەک ئینگلیزێک و پاسپۆرتێکی نوێی لەژێر ناوی جۆرج باکۆن George Bacon بۆ دەرهێنا. هیچ کەسێک ئەوەی بەمێشکدا نەدەهات، جوێک ئەو ناوە هەڵبگرێ. باکۆن وەک رێبەرێکی بازرگانی کە لە لەندەن کارگەیەکی ئامێری ئیشاعە گرتن بە نەخۆشخانەکان بفرۆشێ، بەرەو بەغدا فڕی.

ئەو بە فڕۆکەیەکی سەر بە هێڵی ئاسمانی عێراقی بە خۆی و چەند کارتۆنێکی کەلوپەلەکان گەیشتە بەغدا. ئەو کورتە خولێکی راهێنانی چۆنیەتی فرۆشتنی ئامێری ئیشاعەی کیمیاوی بە نەخۆشخانەکان بینی بوو. باکۆن لە هەفتەی دووهەمیدا لە بەغدا زەنگی بۆ ژمارە تەلەفونەکی سەلمان لێدا. راپۆرتەکانی باکۆن بۆ مۆساد وەسفێکی زیندویانەی تێدا بوون.

" من تەلەفۆنەکەی قاوەخانەکەی میوانخانەکەم بەکارهێنا. دەرفەتی گوێلێ ڕاگرتنی ئەو تەلەفۆنە کەمتر بوو لە تەلەفۆنەکەی ژوورەکەم لە ناو میوانخانەکەدا. یەکسەر کە زەنگم لێدا، هەڵیان گرت. دەنگێک کە تەلەفۆنەکەی هەڵگرت بە فارسی پێێ گوتم، کە لەگەڵ کێ قسەدەکەم، ئەزیش بە ئینگلیزی بەرسڤم داوەوە داوای لێبوردنم کردو گوتم وادیارە زەنگم بۆ ژمارەیەکی هەڵە لێداوە. پاشان دەنگەکە ئەمجارەیان بەئینگلیزی پێی گوتم لەگەڵ کێ لەسەر خەتم. پێم گوت لەگەل برادەرێکی یوسف. رەنگبێ یەکێکی لا دانیشتبێ کە ئەو ناوەی هەبێ. پێی گوتم کەمێک چاوەڕێی بکەم. من وام زانی تەلەفۆنکە تۆمار دەکا، رەنگبێ ئەوە داوبێ بۆ من. ئەوسا دەنگێکی بەڕێز لەگەڵم هاتە سەرخەت. گوتی کەوا من یوسفم و خۆشحاڵیشم کە زەنگت بۆ لێدام. پاشان لێیپرسیم ئاخۆ من لە فەڕەنسا ناسراوم. من گوتم ئەوە خۆیەتی".

باکۆن رازی بوو رۆژی پاشتر یوسف لە چایەخانەیەکی بەغدا ببینێ. لەوادەی دیارکراودا کەسێکی روو بەخەندە خۆی پێناساند، کە یوسفە. ئەو دەموچاوێکی بەکوریشک وچرچ و لۆچی، قوڵی تێدا بووی هەبوو، پرچیشی تەواو سپی ببوو. راپۆرتەکانی باکۆن کە دواتر ناردبوونی وەسفێکی سوریالیانەی بە روونی تێدا نوسیبوو:

"یوسف گوتی من زۆر شادمانم بەدیتنت، هەرووەک ئێمە لەیەک خێزان بین بۆ ماوەیەکی زۆر، سەیری دەکردم. کە دەستی بەقسان کردەوە، سەرەتا باسی ئاوهەواو باسی بەرەودواوە گەڕانەوەی بارودۆخ و ئەو جۆرە باسانەی کرد. من بیرم کردەوە کەوا من لە ناوجەرگەی وڵاتی دوژمندام، خۆگەر تۆڕی دژە جاسوسیان گوێیان لێمان بێ و شتێک لەو پیرە پیاوە هەڵبکرێنن، ئەوا دەردەست واتای مەرگی من دەگەیەنێ. ئەز بەو دەرەنجامە گەیشتم کە ئەو یوسفە هەر چ پەیوەندییەکیشی لەگەڵ سەلمانەکەی فەرەنسادا هەبێ، نابێ پۆلیسێکی عێراقی تۆڕی دژە جاسوسی بێ. ئەوەش هزرێکی ئارامکەرەوە بوو. من پێمراگەیاند کە برادەرانی من بەبایەخەوە دەڕواننە ئەو کەلوپەلانەی کە برادەرەکەی ناوی هێنابوون. ئەو وەڵامی دامەوە: " سەلمان پسمامی منە و لە فەرەنسادا دەژی. ئەو لە قاوەخانەیەدا گارسۆنە. هەموو گارسۆنە باشەکانی ئێرە هەڵاتوون". ئەنجا یوسف کەمێک خۆی بەلامدا نەوی کردەوە و گوتی:" تۆ بۆ مێکە کە هاتووی؟ من کارەکەت بۆ رێکدەخەم. وەلێ نرخەکەی یەک ملیۆن دۆلارە". ئاوا بێ پێچ و پەنا قسەکانی خۆی کرد.

باکۆن وای بۆهات کە یوسف لەوە زیاتری پێیە کە هەیە. ئەو هێواشی و دڵنیابوونی لێ دەتکا، بەڵام کاتێک باکۆن ویستی پرسەکانی بکا. پیرەمێرد سەری رادەوەشاند " لێرە نا. رەنگبێ خەڵک گوێی لێ بێ".

بۆ رۆژی پاشتر دانیشتنێکی دیکەیان سازدا. ئەو جارەیان لە پارکێکی سەر روباری دیجلە بوو.[4] ئەو روبارەی وەک ماندویەکی بەهەیبەت بەشاردا پێچ دەدا. ئەو شەوە باکۆن چاوەکانی لێک نەنا. بەردەوام هەر بیری دەکردەوە. دەیپرسی تۆ بڵێی بەهێواشی ملی لە قەنارەوە نزیک نەبووبێتەوە، خۆ ئەگەر ئەوە لەلایەن تۆڕی دژە جاسوسی عێراقیەکانیش روونەدا، بەڵام کێ ناڵێ لەلایەن کەسانیکەوە نابێ کە رێوی ئاسا یوسفیان هەڵخەلەتاندبێ و کردبیتیانە دەمامکی خۆیان.

چاوپێکەتنی رۆژی دواتر زیاتری لەبارەی پاشخانی یوسفی هەڵکراند.

ئەو لە خانەوادەیەکی هەژاری جولەکەی عێراقی بوو. هەرکە هەراش بووە کارەکەری ماڵە کریستیانێکی مارۆنی دەوڵەمەند بووە. دوای خزمەتکردنی 30 ساڵی رەبەق، دوای بەناڕەوا تۆمەتبارکردنی بە دزینی خواردن، لەپڕ دەریان کردوە. بەو جۆرە لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا بێ هیچ حیساب بۆ کردنێک دەرکراوە. لەبەرئەوەی تەمەنی ئەو بۆ ئیش دۆزینەوە بەسەرچووە، ناچارە بەو برە پارەکەمەی خانەنشینی ژیان بگوزەرێنێ. ئەو بڕیاری دابوو بەدوای رەگ و ریشەی جولەکایەتی خۆیدا بگەڕێ. ئەو سەبارەت رەچەڵەکیان لەگەڵ خوشکەکەی بە ناوی مانوی بێوەژن کە دایکی مونیرە و مونیریش فڕۆکەوانە و لە خزمەتی هێزی ئاسمانی عێراقدا دایە، قسەی کردبوو. مانوش دانی بەوەدا نابوو کە پر بەدڵ حەز دەکا بەرەو ئیسرائیل کۆچ بکا، بەڵام چۆن ئەو حەزەیان دێتە دی؟ هەر تەنها قسەکردن لەسەر بیرۆکەکە لە عێراق، واتای زیندانی کردنیان دەگەیەنێ. خۆ ئەگەر ئەوانیش رۆیشتنو هەرکەسێکیان لە عێراق بەجێهێڵا، ئەوا بە توندی ئازار و ئەشکەنجە دەدرێ، رەنگبێ بشکوژرێ. بێجگە لەوەش پارەی خەرجیەکان لە کوێ بێنن؟ بەو شێوەیە وای لێهات کە بیرۆکەکە خەونێکی بەدی نەهاتوو بێ.

بەڵام بیرۆکەکە لە مێشکی یوسف جێگای گرتبوو. لەسەر نانخواردن زۆر جاران مونیر بە خاڵی دەگوت کە فەرماندەکەی بەشانازییەوە پیێ ڕاگەیاندوون کە ئیسرائیلییەکان پارەیەکی زۆر بەو فڕۆکانە دەدەن کە لەژێر ئێوەدایە، رەنگبێ ملیۆنێک دۆلار بدەن.

ئەو برە پارە فەلەکییە یوسفی دەهەژاند. ئەو دەتوانێ بەو پارەیە کاربەدەستان بکرێ و رێگای فڕینیان بۆ دابین بکا. بەو پارە زۆرە دەکرێ هەموو ئەندامانی خانەوادەکەی لە عێراق دەرباز بکا. هەرچەند بیری لەو پرسە دەکردەوە، وای بۆ دەردەکەت؛ کە دەتوانێ جێبەجێی بکا. منیر شێتی دایکی بوو. ئەو هەموو شتێکی بۆ دەکرد تەنانەت رفاندنی فڕۆکەیەکی جەنگی و گۆڕینەوەی بە ملیۆنێک دۆلار. رەنگبێ ئەوە

[4] - نووسەر نوسیویەتی روباری فرات. بەڵام هەر دیجلە بەناو بەغدادا دەڕوا، بۆیە پێم وایە بەهەڵە لەجیاتی دیجلە ناوی فراتی هێناوە( وەرگێڕ).

نەکەوێتە سەر یوسف کە ڕێی هەڵاتن دابین بکا، ئەوە دەکەوێتە سەر ئیسرائیلییەکان خۆیان. هەمووولایەک دەیانزانی کە کارەکە چەند سودبەخشە، بۆیە ئەو سەلمانی ڕەوانەی باڵیۆزخانەی ئیسرائیل کردبوو.

''هەنوکە ئەی باشترین برادەر تۆ لێرەی" یوسف بە تاسەوە بە باکۆنی گوت".

'' ئەی کاروبار لەگەڵ مونیر چۆنە؟ ئەویش ئەوانە هەمووی دەزانێ؟''

'' بەڵێ بەدڵنیاییەوە. ئەو بەڵێنیداوە کە میکەکە بڕفێنێ. بەڵام ئەو دەیەوێ نیوەی پارەکەی ئێستا بدرێتێ، نیوەکەی دیکەش کەمێک دوای تەسلیمکردنی فڕۆکەکە''.

باکۆن سەرسوڕماو بوو. هەرچی تائێستا گوێی لێ بوبوو متمانەدار و لەکار هاتوو بوو، بەڵام دەبوایە یەکەمجار ڕاپۆرتێکی تێروتەسەل بۆ مایر ئەمیت بنێرێ.

لە تەلئەبیب بەڕێوبەری گشتی مۆساد هەموو دانی پاشنیوەڕۆکە گوێی بۆ باکۆن هەڵخست، کە بە دوور و درێژی ڕاپۆرتی لەسەر کارەکە دەدا.

ئەمیت لەدواییدا پرسی'' یوسف دەیەوێت پارەی چۆن بدرێتێ؟''

'' بخرێتە سەر حیسابی بانکێکی سویسری کە خزمێکیان بەهۆی نەخۆشی بەناچاری دەیبەنە ئەوێ، چونکە لە بەغدا چارەسەر ناکرێ. دەسەڵاتدارانی عێراق ڕێگای پێدەدەن بچێتە سویسرا. کە ئەو گەیشتە ئەوێ، وا چاوەڕوان دەکا پارەکەی بۆ لە بانک دابنێین''.

ئەمیت بەوشکی بە باکۆنی گوت'' ئەوە چ دەستڕۆیشتنێکە کە یوسف لە تۆی دەوێ، گەر پارەکە بەتەواوی گەیشتە سەر حیسابەکە، ئیدی بە یەکجاری ئێمە یوسف نابینینەوە''.

ئەمیت پرسێکی دیکەشی لە باکۆن کردو پێی گوت'' چۆن متمانە بە یوسف دەکەی؟''

'' لەبەر ئەوەی، تاکە دەرەتانێکە'' ئەوە وەڵامی باکۆن بوو بۆ بەڕیوبەرەکەی.

ئەمیت پەسەندی کرد و چەکێکی بە نیو ملیۆن دۆلاری نارده بنکەی Credit Suisse لە ژنێڤ. ئەو نەک هەر پارەی لەسەر ئەو قوماره دانابوو، بەڵکو شتی زۆرتریش. ئەمیت دەیزانی سەری تێدا دەچێ، گەر هاتباو یوسف هەلخەڵەتێنەرێکی کارامە بوایە، وەک چۆن هەندێ لە ئەفسەرەکانی مۆساد بڕوایان وابوو.

کاتی ئەوە هاتبوو کە ئەمیت سەرەک وەزیران بنگۆریۆن و سەرۆکی ستافەکەی ئیسحاق رابین ئاگادار بکاتەوە. هەردوو پیاوەکە دەنگیان بۆ بەجێگەیاندنی ئۆپەراسیۆنەکە دا، بەڵام مایر ئەمیت ئەوەی پێ ڕانەگەیاندن کە ئەو ڕەفتاری زێدەتری نواندوە؛ ئەویش کێشانەوەی تەواوی ڕایەڵەکانی تۆڕی مۆسادە لە عێراقدا.

''گەر هاتباو ئەو ئۆپەراسیۆنە شکستی خواردبا، نەمدەویست کەس لە خۆم زیاتر بەرپرسیارێتی خرابایە مل. من پێنج دەستەم پێکهێنان. یەکەمیان دەبوا لەسەر هێڵ بوونی من لەگەڵ بەغدا مسۆگەر بکەن. ئەوان دەبوایە تەنها لە باری زۆر ناچاردا پەیەوەندییە ڕادیۆیەکە ببڕن. لەوە زیاتر هیچی دیکەم لەوان نەدەویست. دەستەی دووهەم دەبوایە لە بەغدا بن، بێ ئەوەی کەسیان پێ بزانێ. نەباکۆن و نەدەستەی یەکەم، نەهیچ کەس پێیان بزانێ. گەر هاتباو کێشە بۆ باکۆن پەیدا ببا، ئەوان باکۆنیان لە عێراق دەرباز دەکرد، هەروەها گەر کرابا یوسفیش. دەستەی سێیەم دەبوایە چاوی لەسەر خانەوادەکە بوایە. دەستەی چوارەم دەبوایە پەیوەندییان بە کوردەکانەوە کردبا، چونکە لە دوا قۆناخدا بۆ ڕزگارکردنی ئەندامانی خێزانەکە لە عیراق ئەوان یارمەتیان دەدایـن. ئەوان چەکیان لە ئیسرائیل وەردەگرت. دەستەی پێنجەمیش دەبوا مشووری پەیوەندییەکان لەگەل واشنتۆنو ئەنکەرەدا بخۆن. گەر ئەو میگە لە عێراقەوە بفڕێ، دەبێ بە ئاسمانی تورکیاد بڕوا تا دەگاتە دەستمان. واشنتۆن بنکەی لە بەشی باکووری تورکیا هەیە. ئەوان دەکرێ قەناعەت بەتورکەکان بێنن کە دەبێ هاوکاریمان بکەن، بەوەی پێیان بڵێن کە لە دواییدا میکەکە بەرەو وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەفڕێ. من دەمزانی عێراقییەکان دەترسان لەو

ئەگەرەی کە یەکێ لە فڕۆکەوانەکان بەرەوە رۆژئاوا هەڵبێ، بۆیە هەرگیز تانکی بەنزینەکەیان پڕ نەدەکردو بەنیوەییان دەهێڵایەوە. ئەوە ئەو شتە بوو کە دەبێ هەندێ گۆڕانکاری بۆ بکەین.

بێجگە لەوە کێشەی دیکەش هەبوون، یوسف گەیشتە ئەو ئەنجامە کە نەوەک هەر خێزانەکەیان بەڵکو دەبێ ئامۆزا و پورزاکانیشی، ئەوانەی پلەی سێهەمیشن لە دەست، دەستوەشاندنەوەی عێراق دەربهێنرێن. بەهەموویانەوە یوسف دەیویست 43 کەس بەفڕۆکە رووە و شوێنێکی ئارام بفڕێنین.

ئەمیت بەوە رازی بوو، بەڵام رووبەڕووی کێشەیەکی دیکە بووەوە. باکۆن پەیامێکی بۆ تەلئەبیب نارد: منیر بەگومانە لە سەرکەوتنی رفاندنەکە. بەڕێوبەری گشتی " هەستی کرد کە چ لە ئارادایە. منیر جارێ هاوڵاتیەکی عێراقییە. وڵاتەکەی بۆی باش بووە. خیانەتکردن لە وڵاتەکەی عێراق، بۆ ئیسرائیل، بە ئاسانی بۆ قوت نادرێ، چونکە بە درێژای تەمەنی ئەوەیان پێگوتووە، کە ئێمە دوژمنیانین. من بریارم دا کە تەنها بە شێوازێک بیهێنمە سەر ئەو بڕوایەی کارەکەی تەواو بکا، ئەویش بەوەی کە میکەکە دەنێردرێتە ئەمریکا. بۆیە من بەرەو واشنتن فڕیم. لەوێ قسەم لەگەڵ ریچارد هێلمس Richard Helms ی بەڕێوبەری CIA کرد. ئەو گوێی لێگرتم و گوتی"کێشە نیە" بۆ ئەو جۆرە ئیشانە ئەو هەمیشە باش بووە. ئەو ئەوەی رێکخست کە پاشکۆ سەربازیەکەیان لە بەغدا دیدارێکی لەگەڵ منیر کرد. ئەو کەسە بۆی سەلماند فڕۆکەکە تەسلیمی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەکرێ. ئەو بڕوای پێهێنا کە چیرۆکێکی درێژە سەبارەت بەو چەکەی روسی، ئەمریکا دەیەوەێ هاوشانی روسیا بمێنێتەوە. منیر ئەو جارە ئەوەی بۆ قوت دراو بەڵێنی دا کە لەسەر رفاندنەکە بەردەوام بێ".

بەو جۆرە ئۆپەراسیۆنەکە کەوتە سەر هێڵی خۆی. خزمە نەخۆشەکەی یوسف رێگەی پێدرا عێراق بەجێ بێڵێ و بەرەو ژنێڤ بفڕێ. لەوێوە کارتێکی نارد و لەسەری نوسیبوو: " ئەو نەخۆشخانەیە بەڕاستی زۆر باشە. دڵنیایان کردمەوە کەچاک دەبمەوە". ئەو پەیامە هێما بوو بۆ ئەوەی کە نیو ملیۆن پارەکەی دیکە خراوەتە سەر حیسابی بانکی.

بە متمانەدانەوە یوسف بە باکۆنی راگەیاند کە "ئەوان ئامادەن". پێش ئەو ئێوارەیەی منیر بفڕێ، یوسف بە کاروانێک خانەوادەکەی بەرەو باکوور، بەرەو چیا فێنکەکان برد. ئەوان لە رێگادا لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە هیچ گرفتێکیان بۆ دروست نەکرا، هەموو هاوینان خەڵکی پایەتەخت لەبەر هەتاوی سوتێنەری شار رایان دەکرد. لە لاپاڵی شاخەکان، کوردەکان و دەستەی پەیوەندیکارە ئیسرائیلیەکە چاوەڕوانیان دەکردن. ئەوان خانەوادەکەیان زیاتر بەرەو شاخەکان هەڵکشان تا لەو شوێنەی هەلیکۆپتەرەکانی هێزی ئاسمانی تورکیایی چاوەڕوانیان دەکردن. لەژێر رادارەوە بە فڕین چوونە نێو سنوری تورکیاوە.

پۆلیسێکی ئیسرائیل زەنگێکی بۆ منیر لێداو پێی گوت کەوا کە خوشکەکەی لەشاخە و کیژۆڵەیەکی بووە.

بۆ سبەینێ، 15 ئابی 1966، منیر زوو بۆ مەشقی فڕینەکەی لە خەو هەڵسا. هەرکە مەودایەکی گونجاو لە فڕۆکەخانەکە دوورکەوتەوە، بەنزینێکی زۆری دایە میگەکە، پێش ئەوەی فڕۆکەوانە عێراقیەکان بەمەرامی دوورکەوتنەوەکەی بزانن و تەقەی لێبکەن و بیخەنە خوارەوە، ئەو گەیشتە سنووری تورکیا. لە ژێر سەرپەرشتی دەستەیەک لە فڕۆکە جەنگیەکانی ئەمریکی فانتۆم Phantom، منیر لە بنکەیەکی سەربازی هێزی ئاسمانی تورکیدا نیشتەوە. لەوێ بەنزینی تێکرد و هەڵسایەوە. لە رێگەی مایکرۆفۆنەوە ئەو پەیامەی پێگەیشت، بەڵام ئەمجارەیان بە زمانێکی روون:' " هەموو خانەوادەکەت بەسەلامەتی دەرچوون و لەرێگادان لەگەڵ تۆ یەکبگرنەوە".

سەعاتێک دواتر میکەکە لە فڕۆکەخانەیەکی سەربازی لە باکووری ئیسرائیل نیشتەوە.

مۆساد سەلماندی کە فاکتەرێکی گرنگە لەسەر شانۆی جیهان. لەسەر ئاستی دەزگای زانیاری سەردەمێکی نوی دەستی پێکرد، دانی بەوەدا نا کە چۆن لە رابردودا کارەکان کراون، چ پێش ئەمیت و چۆن لەداهاتووشدا دەکرێن واتە دوای ئەمیت.

---

**سەرچاوەی وەرگێڕانەکە:**

Gordon Tomas

Operatie Mossad, Een onthullend beeld van 's werelds meest geruchtmakende geheime dienst.

1999, Utrecht

**دەقە وەرگێڕدراوەکە بەشی دووهەمی کتێبەکەیە، کە لە لاپەڕە 29 دەستپێدەکات و بە لاپەڕە 56 یش کۆتایی دێ.**